http://dx.doi.org/10.26750/jru.1006

# شیکاری جوگرافی بۆ پرۆژە ئاویەکانی وڵاتی ئێران لەسەر زێی بچوك و کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان

م.ی. علی حسن علی م.ی. بیستون احمد حسین
زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

**پێشەکی** : وڵاتی عیراق هەتا ساڵی (٢٠٠٠)یش بەیەکێك لە وڵاتە دوڵەمەندەکان هەژمار دەکرا لە ڕووی داهاتی ئاوەوە، بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێك لەناو ئەو وڵاتەدا دەوڵەمەندتر بوو لەبەشەکانی تری عیراق چونکە زۆرترین بڕی دابارینی ساڵانە دەکەوێتە ئەو هەرێمەوە، بەڵام دوای کەمبوونەوەی بڕی دابارینی ساڵانە ئێستا نە عیراق بەوڵاتێکی دەوڵەمەند دادەنرێت و نەهەرێمیش بەهەرێمێکی دەوڵەمەند دادەنرێت، ئینجا بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەی زۆربەی ڕووبارەکانی دەکەونە ناو خاکی هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێرانەوە بەتایبەتیش ڕووبارە گەورەکانی وەکو دیجلەو فوڕات و زێی گەورە سەرچاوەکانیان دەکەونە خاکی تورکیاوە، وە زێی بچوك و سیروان و ئەڵوەند وکارۆن و ...... دەکەونە ناو خاکی ئێرانەوە، لەگەڵ بەردەوامبوونی وشکەساڵیش لەتەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین ناوچەی تر لەجیهاندا، هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران دەستیانکردووە بە گلدانەوەی ئاوی ئەو ڕوبارانە ئەویش لەڕێگای دروستکردنی بەنداو بێت یان لەڕێگای گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو ڕووبارانە بێت بۆ ناوچەکانی تری ناو خاکی خۆیان، ئێمە لێرە باسی چوار لەو پرۆژەو بەنداوانە دەکەین ئەویش پرۆکانی وڵاتی ئێرانە لەسەر زێی بچووك.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**گرنگی لێكۆڵینەوەكە:** گرنگی ئەو لێكۆڵینەوەیە لەوەدایە كە خەڵك و حكومەتەكانی هەرێم و عیراق ئاگادار دەكاتەوە لەو مەترسیە گەورەیە، كە ئەگەر بێت و پڕۆژەكانی تەواو بكات، دەتوانێت تا ڕادەیەكی زۆر ئاوی زێی بچوك كەم بكاتەوەو گەورەترین كێشەی كەمئاوی دروست بكات لەتەواوی ئاوەزێڵی زێی بچوك لە هەرێمی و كوردستان و عیراقیش.

**ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:** ئامانج لەم لێكۆڵینەوەیە چارەسەری ئەو مەترسیە گەورەیەیە كە دروستدەبێت بەهۆی پڕۆژە ئاویەكانی وڵاتی ئێران كە دایمەزراندون لەسەر زێی بچوك و دەبنە هەڕەشەیەكی گەورە لەسەر دەرامەتی ئاوی هەرێمی كوردستان .

**میتۆدی لێكۆڵینەوەكە:** بێگومان هەموو توێژینەوەیەك بەپێی جۆری زانستەكە دەبێت میتۆدی تایبەت بەو بوارە بەكاربێنێت، ئێمە بۆئەو توێژینەوەیە میتۆدی (هەرێمی و بابەتی)مان بەكارهێناوە، چونكە گونجاوترین میتۆدن بۆ بواری لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی ئاو(السماك ٢٠٠٨، ص١٠٩).

**پلانی لێكۆڵینەوەكە:** لێكۆڵینەوەكەمان دابەشكردووە بەسەر دوو تەوەرەدا، تەوەری یەكەم دابەشكراوە بۆ دوو باس، لەباسی یەكەمدا باسی ناوچەی لێكۆڵینەوە واتا زێی بچوك دەكەین لەسەرچاوەكەیەوە هەتا ڕێژگەكەی. باسی دووەمیش باسی پڕۆژەكانی سەر ئەو زێیە دەكەین لە وڵاتی ئێران.

تەوەری دووەمیش دابەشكراوە بەسەر سێ باسدا: باسی یەكەم باسی زیانە چاوەڕوانكراوەكانی دەكەین لە هەرێمی كوردستان و عیراقدا، لەباسی دووەمدا باسی ئەركی حكومەتەكانی هەرێم و بەغداد چیە بۆ چارەسەركردنی ئەو گرفتە، لەباسی سێیەم لەسەر تێڕوانینی یاسا نێودەوڵەتیەكان دەدوێین بۆ ئەو پڕۆژانەی كە وڵاتی ئێران لەسەر ئەو زێیە ئەنجامیان دەدات.

**گریمانەی لێكۆڵینەوەكە:** گریمانەی لێكۆڵینەوەكە بەم پرسیارانە دەست پێدەكەین:

١- ئایا ئێران مافی ئەوەی هەیە بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی خەڵكی هەرێم و عێراق بەنداو لەسەر زێی بچوك دروستبكات؟

٢- حكومەتی هەرێم دەبێت چی بكات و چی لەدەست دێت بەرامبەر بە وڵاتی ئێران؟

٣- حكومەتی هەرێم دەبێت لەناوخۆی هەرێم چی بكات بۆ پڕكردنەوەی ئەو بڕە ئاوەی كە وڵاتی ئێران دەیگرێتەوە؟

## تەوەری یەكەم: ناساندنی ناوچەی لێكۆڵینەوەو ناساندنی پڕۆژەكانی وڵاتی ئێران لەسەر زێی بچوك

**باسی یەكەم:** ناوچەی لێكۆڵینەوە ئاوەزێڵی ڕووباری زێی بچووك دەگرێتەوە لەهەردوو وڵاتی ئێران و عێراقدا سەرچاوە سەرەكیەكانی زێی بچوك دەكەونە كوردستانی خۆرهەڵات لەوڵاتی كۆماری ئیسلامی ئێران، نەخشەی (١) ئاوەزێڵی ڕوباری زێی بچوك نیشاندەدات. سەرچاوە سەرەكیەكەی دەكەوێتە دامێنی چیاكانی گڵەزەردەو كفارستان و سپیارز و نزیك گوندەكانی ناوچەی لاجان، دەكەوێتە باكوری سەنتەری قەزای پیرانشار بە(٢٧كم)، لەو شوێنە بە چۆمی (ڕووباری) لاوێن ناسراوە، ئینجا بەئاراستەی باشوری خۆرهەڵات لێژدەبێتەوە، كاتێك دەگات بەگوندەكانی ناوچەی پیران لەخۆرهەڵات شاری پیرانشار بەجێدەهێڵێت، بەدووری (١كم) لەخۆرئاوای گوندی ڕێكاوا هەردوو ڕوباری ئۆجەر و حاجی ابراهیمی یەك لەدوای تێكەڵ دەبن و بەرەو گوندی كانی سێو دەڕوات و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەوێش ڕووباری بادیناوێی تێکەڵ دەبێت و ئیتر لەوێوە بە (زێ) دەناسرێت و دواتر دەگاتە گوندەکانی ناوچەی مەنگوڕانی خۆرئاوا لەوێ ڕوباری ئاوەخوڕ و چۆمی زویانی تێکەڵ دەبێت و دەگاتە گوندەکانی ناوچەی کەورگ لەقەزای سەردەشت، لەوێش بە(چۆمی کەڵوێ)دەناسرێت. ئینجا کەچەند دۆڵ و پێچاوپێچی دژوارو جەنگڵستانی بڕی ناوچەی کەورگ جێدیهێڵێت و دەگاتە گوندەکانی ناوچەی بریاجی و ڕوباری (بائس)ی دەڕژێتەناو و ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ (کەلاس)(*). (١٦کم) لە باشوری خۆرهەلاتی شاری سەردەشت ڕوبارێکی تری بەناوی کەڵوێی بچوك تێدەڕژێت و ئاوەکەی تەواو زۆردەبێت، ئینجا بەئاراستەی باشور بەردەوامدەبێت لەڕۆییشتن تا لەگوندی چەمپەمۆ بەرەو باشوری خۆرهەلات ئاراستەکەی دەگۆڕێت و دەڕژێتە ناو گوندەکانی ناوچەی ئالان، دوای ئاودانی گوندی گرویس دەچێتە سنوری نێوان هەردوو ولاتی ئێران – عێراق و لەکۆتا خاڵی سنوری ڕووباری (چۆمان)ی دەڕژێتەناو، بەئاراستەی خۆرئاوا بەردەوام دەبێت لەڕۆییشتن تا دەبێت بەبەشێك لەسنوری نێوان هەردوو ولاتی ئێران–عیراق (جعفری، ٢٠٠٥، لا٣٩٩) بۆماوەی ٤٠کم (کردوانی، ٢٠١١، لا٦٥)، بەدوری ٣کم لەباشوری خۆرهەلاتی گوندی (گەك)ی سەرسنور ڕوباری گەورەی قەلاچوالانی تێکەڵ دەبێت، ئینجا چەند پێچێك دەکات و بەرەو باکوری خورئاوا ئاراستەکەی دەگۆڕێت و بەردەوام دەبێت لەڕۆییشتن هەتا لەگوندی هەرزنەی سەر سنور خاکی ئێران بەجێدەهێڵێت و لەباشوری قەزای پشدەر دێتەناو هەرێمی کوردستانی عیراق، لەناوچەی پشدەریش بەردەوام دەبێت لەڕۆییشتن تا لە دەربەند لەباکوری خۆرئاواکەی ناوچەی پشدەریش جێدەهێڵێت و دەڕژێتە بەنداوی دوکانەوەو ئاراستەی ڕۆییشتنەکەی دەگۆڕێت بۆ باشوری خۆرئاوا (ئەو بەنداوەی کە لە ساڵی (١٩٥٢-١٩٥٨)دروستکرا بەهۆی گونجانی شوێنەکەی بۆ بەنداو، وە تاکە بیرۆکەی ئەو بەنداوە لەسەرەتادا تەنها بۆ پاراستنی شاری بەغداد بووە لەلافاو، دوای ئەوەی کە شاری دوکانیش دەبڕێت بە ئاراستەی باکوری خۆرئاوا بەردەوام دەبێت لەڕۆییشتن تا لەنزیك چەمی دواوان دەکاتە دەشت و قەزای کۆیە، لەوێ بۆ ماوەی ٧٦کم دەبێتە کۆتایی سنوری ئەو قەزایە لەلای باشوریەوە کە جیای دەکاتەوە


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**نەخشەی(١) ئاوەزێڵی ڕوبـاری زێی بچوك لەهەردوو وڵاتی ئێران و عیراقدا.**




**سەرچاوە: لەکاری توێژەران پشت بەست بە :١- حداد، هاشم یاسین حمدامین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عیراق، عیراق و جیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.**
**٢- بختیاری، سعید، اطلس کامل گیتاشناسی- (سیاسی، طبیعی، اقتصادی)، مؤسسه جغرافیا و کارتوگرافی گیتاشناسی، دورهٔ دوم چاپ یزدهم، چاپ هامون، تابستان ١٣٧٨شمسی(١٩٩٩ز).**

لەهەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوك، فراوانی ئەو زێیە زیاددەکات و پێچی زیاتریشی تێدەکەوێت دوای ئەوەی گوندی کلێسە جێدەهێڵێت، دواتر تەقتەق دەبڕێت و بەرەو شارۆچکەی پردێ دەڕوات، بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت لەڕۆییشتن بەرەو باشوری خۆرئاوا تا لەباشوری شاری شەرگات دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە، بەدرێژترین لقە ڕووباری دیجلە دادەنرێت کە درێژیەکەی (٤٠٠کم)ە، ڕوبەرەکەی (٢٢٢٥٠کم$^{2}$)، بەڵام (٧٩٪)ی ڕووبەرەکەی دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە، کە دەکاتە (١٥٩٧٥کم$^{2}$) (سەعید ٢٠١٤، ل٢٢٧).

**باسی دووەم:** پڕۆژەکانی وڵاتی ئێران لەسەر ئەو زێیە: پڕۆژەکان بریتین لەو چوار پڕۆژەیەی خوارەوە:

١- **پڕۆژەی بەنداوی کانی سێو:** بەپێی ئەم پڕۆژەیە دەوڵەتی ئێران هەستاوە بەدروستکردنی بەنداوێك لەسەر زێی بچوك بەناوی پڕۆژەی بەنداوی کانی سێو، بەپێی ئەم پڕۆژەیە دەوڵەتی ئێران بەنداوێك بە بودجەی زیاتر لە(٦٥٠٠)ملیار ریالی ئێرانی بەرامبەر بەنزیکەی (١٧٥)ملیۆن دۆلاری ئەمریکی (نقی کریمی، سایتی آینانیوز)، لەسەر ژێی بچوك دروستدەکات لەنزیك گوندی کانی سێو، بۆئەوەی بەهۆیەوە ساڵانە (٦٤٠)ملیۆن مەتر سێجا لەساڵێکدا لەڕێگای تونێلێکەوە بگوازرێتەوە بۆ دەریاچەی ئورمیە، درێژی ئەم تونێلە (٣٥کم)ە، تیرەکەی (5.5)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مەترە، ئەم پرۆژەیە لەکۆتایی مانگی (آبان)ی ساڵی ١٣٩٤هـ.ش بەرامبەر بە (١٠/٢٣ – ١١/٢٢)ی ساڵی ٢٠١٥ز دەستی پێکردووە و بەپێی بەرنامەکەش دەبێت لە مانگی شهریوری ١٣٩٨شمسی بەرامبەر بە (٨/٢٣ – ٩/٢٢)ی ساڵی ٢٠١٩ز تەواو ببێت(www.ilna.ir)، وە بەپێی گوتەی سەرچاوەی تر بڕی ئەو ئاوەی کە لەساڵێکدا ڕەوانەی دەریاچەی ئورمیە دەکرێت ٧٠٠ ملیۆن مەتر سێجایە(ناصر کرمی). بەبیانوی ئەوەی کە دەریاچەی ئورمیە هەڕەشەی وشك بوونی لەسەرە بەهۆی ئەو وشکە ساڵیەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست و چەندین شوێنی تری لەسەر ئەم زەویە گرتۆتەوە کە بەهۆیەوە تێکڕای دابارینی ساڵانە لەباران و لەبەفر کەمی کردووەو لەئەنجامدا ئاوی کانی و سەرچاوەو ڕووبارەکان و دەریاچەکان کەمی کردووەو مەترسیەکی زۆری لەسەر ئاسایشی ئاوی زۆربەی وڵاتان دروستکردووە بەتایبەتیش وڵاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست. وە بەپێی گوتەی (حسن عباس نژاد) بەڕێوەبەری گشتی ژینگە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوایی، کە لەسایتی پارسینە لەبەرواری ٢٦/ئابانی ١٣٩٢شمسی (٢٠١٣/١١/١٩ز)دا بلاوی کردۆتەوە (٨٥٪)ی ئاوی دەریاچەکە وشکی کردووە.

**٢- پرۆژەی بەنداوی گرژاڵ :**

ئەو بەنداوە کە تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری سەردەشت و پیرانشار و دەتوانێت بڕی (١.٠٨٠ملیار م³) لەئاو خەزن بکات، وەساڵانە توانای بەرهەمهێنانی (٤٠) مێگاوات/کاژێری دەبێت و پێشبینی دەکرێت لەماوەی ساڵێك و حەوت ڕۆژدا پڕببێت(خضری ٢٠٠٠، ص١٣٣).

**٣- پرۆژەی بەنداوی بریسو:** ئەو بەنداوەش پێشنیارەو نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەلام لەگەڵ بەنداوی گرژاڵ هەردوکیان لێکۆڵینەوەکانیان تەواوبووەو دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەویش هەردەکەوێتە نێوان هەردوو شاری سەردەشت و پیرانشار و توانای خەزن کردنی (١.١٨ملیار م³) دەبێت، لەگەڵ بەرهەمهێنانی ساڵانەی ٧٠ مێگاوات/ کاژێر، وە پێشبینی دەکرێت لەماوەی (١٠)مانگ و (١٠)پڕببێت، بەهۆی ئەوەی لقە ڕوباری زیاتری تێدەڕژێت(خضری ٢٠٠٠، ص١٣٣).

**٤- پرۆژەی بەنداوی کۆڵەسە:** ئەم بەنداوە بەنداوێکی خاکیە و دەکەوێتە باشوری خۆرهەلاتی شاری سەردەشت بەدوری (١٣کم)، پێگەی فەلەکیەکەی بازنەی پانی ("49 '04 °36)ی باکورو هێڵی درێژی("45 '21 °45)ی خۆرهەلات، لێکۆڵینەوەکانی دروستکردنی ئەم بەنداوە بۆ ساڵی ١٩٩٩ز دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن کۆمپانیای ڕاوێژکاری ئەندازەیی (مشانیر) ئەنجام دراوە، بەلام لەساڵی ٢٠١١زدا دەستکراوە بەکارکردن و بەپێی پلانەکە دەبوایە لەساڵی ٢٠١٥زدا تەواوببێت، ئەوەبوو لەسەرەتای مانگی تەمموزی ٢٠١٧ ئاوی گلدایەوەو زێی بچوکی وشککرد. دیزایینەکەی وا کێشراوە کە بەرزییەکەی ١١٤مەتر و درێژیەکەشی ٢٧٥ مەتر بێت، وە بتوانێت ١٢٠مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێت و ساڵانەش ٤٨٢ کیلۆوات/کاژێر کارەبا بەرهەم بهێنێت، لەگەڵ توانای خەزنکردنی (٥٤٥)ملیۆن مەتر سێجا لەئاو(fa.wikipedia.org/wiki /سد_سردشت). وە بودجەی بەبڕی ١٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ تەرخانکراوە (www.sabainfo.ir/fa/news/29781).

ئەگەر پرۆژە بەنداویەکانی وڵاتی ئێران بەراورد بکەین بەپرۆژەکانی بنیاتنانی بەنداوەکانی دەوڵەتی تورکیا دەبینین پرۆژەکانی دەوڵەتی ئێران زۆر بچوکترن لە پرۆژەکانی دەوڵەتی تورکیا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی زۆر گەورە بۆ هەرێم و عیراق دەخوڵقێنن، چونکە ئەو (٤)پرۆژەیەی وڵاتی ئێران کە لەسەر زێی بچوك


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بنیاتنراون و بنیاتدەنرێن، بەهەمویان دەتوانن بڕی(٠.٧ + ١.٠٨٠ + ١.١٨ + ٠.٥٤٥ = ٣.٥٠٥کم$^{3}$) یان (٣.٥٠٥) ملیار مەتر سێجا ئاو گلدەنەوە لە ساڵێکدا لەکاتێکدا داهاتی ساڵانەی ئاوی زێی بچوك تا گۆڕانی کەش و هەوا و دەستپێکردنی وشکەساڵی و کەمبونەوەی ڕێژەیەکی زۆری بەفروباران {(واتا تا ساڵی ١٩٩٨) کە بەساڵی دەرکەوتنی ئاسەوارەکانی وشکەساڵی دادەنرێت ئەگەرنا ساڵی ١٩٩٣ بەدەستپێکی وشکەساڵی دادەنرێت}، (٦.٩)ملیار مەترسێجا بووە(طالب٢٠٠٥، ص١٥٧)، وە هەندێك سەرچاوەش بە (٧.١٧) ملیار مەتر سێجایان داناوە (السماك ٢٠١٢، ص٢٢٢)، بەڵام لەئێستادا زۆر لەو بڕە کەمترە و بەپێی تازەترین توێژینەوەش تێکڕای ساڵانەی داهاتی ئاوی زێی بچوك لەساڵانی نێوان(١٩٣٢ - ١٩٩٨) (٧.٢٢)ملیار مەتر سێجا بووە، بەڵام لە نێوان ساڵانی (١٩٩٩-٢٠١١) بووە بە(٤.٢٤)ملیار مەتر سێجا ئەوەش مانای وایە بەڕێژەی (٤١.٢٧٪)کەمی کردووە(العیساوي، ٢٠١٦ص٢٧)، وە بەپێی سەرچاوەیەکی تر داهاتەکەی لە ساڵی (٢٠١١) تەنها(١.٧)ملیار مەترسێجابووە/ساڵ(الأمیري ٢٠١٣، ص١١٣)، ئەوەش مانای وایە تەنها لەو ساڵەدا بەڕێژەی (٧٦.٤٥٪)کەمی کردووەو ئەگەر دیاردەی وشکەساڵیش بەردەوام بێت ئەوا ساڵ لەدوای ساڵ ئەو ڕێژەیە کەمتر دەبێتەوە، لەکاتی ئێستا تەنها (٥٤٥) ملیۆن مەتر سێجا ئاوی زێی بچوك لەناو خاکی ئێراندا دەگیرێتەوەو لە مانگی (٩)ی ساڵی (٢٠١٩)دا بڕی ئاوی گلدراوە دەبێت بە (١.٢٤٥)ملیار مەتر سێجا، بەتەواوبوونی هەردوو پڕۆژەی (بریسۆ) و (گرژاڵ) لەداهاتوویەکی دیاری نەکراودا بڕی ئاوی گلدراوە دەبێت بە (٣.٥٠٥) ملیار مەتر سێجا/ساڵ.

## تەوەرەی دووەم:

**باسی یەکەم: باسی زیانە چاوەڕوانکراوەکانی دەکەین لەناو خاکی هەرێمی کوردستان و عیراقدا:**

بێگومان ئەو کارەی وڵاتی ئێران دەبێتەهۆی کەمبونەوەی بڕێکی زۆر لە بڕی دەرامەتی ئاوی هەرێمی کوردستان کە ڕاستەوخۆ بڕی ئاوی سەرزەوییەکەی کەمدەکات ئەوەش ڕاستەوخۆ ئەو زیانانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:

**١- لەرووی ئاوی خواردنەوەو بەکارهێنانەکانی ناوماڵ:** چەندین شارو شارۆچکەو گوند لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتیش بەشێکی زۆر لەپارێزگای سلێمانی و پارێزگای کەرکوك، وەکو شاری قەڵادزە، کە لەڕێگەی پڕۆژەیەکەوە بەناوی پڕۆژەی ئاوی خاس، {کە لەنزیك گوندی (خاس)ە}، بڕی (٢٤٠٠٠)مەتر سێجا/ڕۆژ لەئاوی زێی بچوك لەڕێگەی بۆڕیەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو شاری قەڵادزێ و ڕێژەیەکی زۆر لەدانیشتوانی ئەو شارە لەو ئاوە سودمەند دەبن(حمد، چاوپێکەتن)، وە لەشارۆچکەی دوکانیشەوە پڕۆژەیەکی ئاو گواستنەوەی لێیە کە بەهۆیەوە بڕێك لەئاوی زێی بچوك بەهۆی بۆڕیەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەشێك لەدانیشتوانی ناو شاری سلێمانی و بەسەر ماڵەکاندا دابەشدەکرێت کە لەساڵی (١٩٨٥)دا وا پێشنیارکراوە بڕەکەی (٢٤١٩٨م$^{3}$/ڕۆژ) بێت (السعدي ١٩٧٦، ص١٥٤)، وە لەئێستادا لەڕێگای هەردوو پڕۆژەی (دوکان-١) و (دوکان-٢) ئاو لەزێی بچوکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی، پڕۆژەی یەکەم لەدوو پەمپی ئاوهەڵدان پێکدێت کە توانای هەریەکێکیان (١٥٠٠م$^{3}$/کاژێر) واتا بەهەردووکیان ڕۆژانە بڕی (٧٢٠٠٠هەزار م$^{3}$)ئاودەگوازنەوە، وە پڕۆژەی دووەم لە (١٤)پەمپ پێکدێت کە توانای


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەریەکێکیان(١٠٠٠م[٢] / کاژێر) بەڵام ڕۆژانە لەبەرکۆنی پەمپەکان تەنها (٨)دانەیان کاردەکەن، واتا پڕۆژەی دووەمیش ڕۆژانە بڕی (١٩٢٠٠٠هەزار م[٣]) (محمد، پەیوەندی)، هەروەها بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ناو شاری کۆیەش کە سەر بە پارێزگای هەولێرە پشت بەئاوی زێی بچوك دەبەستن بۆ ناوماڵەکانیان (کامەران تاهیر سەعید، ٢٠١٤، ل٢٢٨)، وە دانیشتوانی شارۆچکەکانی تەقتەق، شوان، پردێ و دوبز و شاری کەرکوك توزخورماتو، پشت بەئاوی ئەو زێیە دەبەستن بۆ خواردنەوەو کاروباری ناوماڵەکانیان، سەبارەت بەئاوی شاری کەرکوك لەدوبزەوە لەڕێگای بۆڕی و پەمپی کارەباییەوە ڕۆژانە تاساڵی ١٩٧٦ (٧.٥)ملیۆن گالۆن واتا (٣٣.٧٥)ملیۆن لیتر گواستراوەتەوە بۆ شارەوانی کەرکوك لەوێشەوە دابەشکراوە بەسەر ماڵەکاندا (السعدي ١٩٧٦، ص١٥٣).

کەواتا لێرەدا بەتەواوبونی ئەو دوو پڕۆژەیەی ئێران و دەستبەکاربونیان واتا گلدانەوەی ئاوی زێی بچوك لەلایەن ئەو دوو بەنداوەی کە باسکران لەگەڵ ئەو دوو بەنداوە تەواوبووەی تردا مەترسیەکی ڕاستەقینە دەکەوێتە سەر ژیانی بەشێکی زۆر لەدانیشتوانی ئەو گوندو شارۆچکەو شارانەی کە باسکران، ئەو کاتە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ناتوانن سەرەکیترین خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکەن کە ئەویش خزمەتگوزاری ئاوە، ئەوەی شایانی باسکردنە ئێستا پێش ئەوەی وڵاتی ئێران زێی بچوك وشك بکات هەست بەکەمبونەوەیەکی زۆری ئاو دەکرێت لەهەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو وشکەساڵیەی کە باسمان کرد، لەبەرئەوە ئێستا زۆربەی شارو شارۆچکەکانمان بەدەست بێ ئاویەوە دەناڵێنن، بۆ نمونە لەساڵی ٢٠١٤ عەرەبەکانی کەرکوك پێشنیارێك دەدەنە حکومەتی ناوەندی لە بەغداد کە بەدیلێکی تر بۆ ئاوی خواردنەوەی کەرکوك پەیدابکات و ئاو لەزێی گەورەوە بێنێت بۆ شارەوانی کەرکوك و پڕۆژە ئاودێریەکان بەگوتەی خۆیان ڕۆژانە ئاوێکی کەمیان پێدەگات (almadapress.com)، ئینجا پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا کە ئێران پڕۆژەکانی تەواو کردن و ئاوی زێی بچووك زۆر کەم بوەوە ئەو کاتە چ کارەساتێك ڕوودەدات.

وە سەبارەت بەو بڕە ئاوەی کە بۆ خواردنەوەو کاروباری ناوماڵ بەکاردێت، توێژینەوەو لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە جیاوازی هەیە لەبڕی ئەو ئاوەی کە کەسێکی دانیشتووی شار و کەسێکی دانیشتووی گوند بەکاریدەهێنێت. دەبینین نەتەوە یەکگرتووەکان ناوەندی بڕی ئاوی بەکارهاتوو لەڕۆژێکدا لەلایەن کەسێکی شارنشینەوە بە(٣٢٨لیتر/ڕۆژ)داناوە، وەبڕی (٨٣لیتر /ڕۆژ)بۆ هەرکەسێکی گوندنشین داناوە (الامم المتحدة ١٩٨٢، ص٢٨٧). شارەزایان کەمترین بڕی ئاوی بەکارهاتووی بواری ناوماڵیان بە(٥٠لیتر/ڕۆژ) بۆ هەر کەسێك داناوە (لبیب ٢٠٠٤، ص١٨٥). وە بەپێی توێژینەوەیەکی وەزارەتی پلاندانانی عیراقی کە لەساڵی (١٩٨٦) بۆ هەموو پارێزگاکانی ئەنجامداوە، کە تێیدا ناوەندی بڕی ئاوی بەکارهاتوو لەشارو گوندەکانی عێراقدا بەم شێوەیە داناوە: بۆ کەسێکی شارنشین (٣٦٠لیتر/ڕۆژ)، وە بۆ کەسێکی گوندنشینیش(٢٢٥لیتر/ڕۆژ) (محمد ٢٠٠٨، ص٢٢١).

٢- **لەڕووی کشتوکاڵەوە:** بێگومان کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکاڵیەکان گرنگیەکی زۆریان هەیە لەسەر ئابوری هەر وڵاتێك و لەلایەکی تریشەوە دابینکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بەتایبەتیش خۆراکیەکان بە بەشێك لەئاساییشی نەتەوەیی دادەنرێن، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەژیانی مرۆڤەوە هەیەو مرۆڤ ناتوانێت بێ خۆراك بژیت، هەروەها چالاکی مرۆڤ و توانستەکانی جەستەی پەیوەندیەکی زۆریان بەخۆراکەوە هەیە، هەرلەبەر ئەم هۆیانەشە کە هیچ وڵاتێك دەستبەرداری کشتوکاڵ نابێت هەرچەند پێش بکەوێت لەبواری ئابوری و زانست و تەکنۆلۆجیەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بێگومان هیچ کشتوکاڵ و بەرهەمێکی کشتوکاڵیش بەبێ بوونی ئاو ناکرێت و نایەتەبەرهەم، بەڵام بڕی ئاوی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی بڕێکی دیاریکراو لەهەرجۆرە دانەوێڵەیەك جیاوازە لەدانەوێڵەیەکی تر. خشتەی(١) ئەوە ڕووندەکاتەوە. ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کە لە خشتەی (١)دا هاتوون هەموویان لەهەرێمی کوردستان دەکرێن (علی، ٢٠١١، لا١٤٢)، وە دەبینین ئەو بەرهەمانەی کە لەخشتەکەدا هاتون، وێنجە بەپلەی یەکەم دێت لەزۆری پێداویستی بۆ ئاو، لەدوای ئەویش هەریەك لەبەرهەمەکانی: باینجان، چەڵتوك، لۆکەو گوڵەبەڕۆژە دێن یەك لەدوای یەك، بەو شێوەیە کولەکەو خەیار کەمترین بڕی ئاویان دەوێت بەبەراورد بەبەرهەمەکانی تری ناوخشتەکە. ئەو بڕە ئاوە بۆ بەرهەمهێنانی هەریەکێك لەو بەرهەمانەیە لە ڕووبەری یەك دۆنمدا هەر لەکاتی داچاندنەوە تا دروێنەکردنی و چنینی. بەڵام دەبینین ئەو بەرمەی کە کەمترین بڕی ئاوی دەوێت بڕێکی باش ئاوی دەوێت. لەهەندێك ناوچەی ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا ناتوانرێت ڕاستەوخۆ سود لەئاوی زێی بچوك وەربگیرێت بۆ ئاودێریکردنی کشتوکاڵ، بەهۆی نزمی زۆری ئاوی ناو ڕێڕەوەکەو بەرزی زەویەکانی دەوروبەری وەکو ناوچەکانی پشدەر، بیتوێن و مەرگەو دوکان، بەڵکو دەبێت لەڕێگەری ئامێرو پەمپەوە ئاوەکە سەربخرێت بۆ سەر زەویەکان، بەو شێوەیە لەکاتی پێویستدا سود لەئاوی زێی بچوك وەردەگیرێت لەو ناوچانە. وە لەناوچەکانی دەشتی کۆیە وەکو گوندەکانی: بۆگد، قزلۆ، ساتوقەلاّ و چۆم حەیدەر....هتد، لەوەرزی هاویندا سود لەئاوی زێی بچوك وەردەگیرێت بۆ ئاودێریکردنی بەروبومە کشتوکاڵیەکانی ئەو وەرزە، (بکر ٢٠١٠، لا١٠٠)،

خشتەی (١) بڕی ئاوی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵیە جۆربەجۆرەکان نیشاندەدات

| جۆری بەرهەمی کشتوکاڵی | پێداویستی ئاوی (م$^{3}$/دۆنم) | جۆری بەرهەمی کشتوکاڵی | پێداویستی ئاوی (م$^{3}$/دۆنم) |
|---|---|---|---|
| چەڵتوك | ٣٦٣٥ | لۆکە | ٣٠٢٥ |
| گەنمەشامی | ٢٩٧٥ | تەماتە | ١٧٣٠ |
| گوڵەبەڕۆژە لۆکە | ٢٣٧٧.٥ | باینجان | ٦٨٦٣ |
| لۆبیا(ماشی سپی) | ٨٥٠ | بیبەر | ٧٠٦ |
| فاسۆلیا | ١٢١٠ | خەیار | ٥٦٩ |
| ماش | ١٢١٠ | کولەکە | ٥٦٩ |
| فستەقی کێڵگە | ١٢١٠ | وێنجە | ٧٩٢٣ |
| بامیە | ٧٠٦ | | |

سەرچاوە:

١– خليل كريم محمد ٢٠٠٨، المياه الجوفية في سهل شهرزور وامكانيات استثمارها (دراسة في الجغرافية الطبيعية)، رسالة ماجستير كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية (منشورة)،ص٢٣٣– ٢٣٥

٢- بختيار صابر محمد ٢٠٠٢، الاحتياجات المائية للاغراض الزراعية وقياس العوامل المؤثرة فيها في محافظة اربيل للمدة (١٩٨٥– ٢٠٠١)، رسالة ماجستير(غ.م)، كلية الإدارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدين– اربيل، ص١٠٢ و ص١٢٧.

٣– طه شيخ حسن ٢٠٠٣، المياه والزراعة والسكان، دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، سورية، ط١، دمشق، ص٦٣


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها پڕۆژەی بەناوبانگی حەویجە و پڕۆژەی ئاودێری کەرکوك کە بەهۆی ئەو دوو پڕۆژە گەورەوە پلان دانرابوو بۆئەوەی بتوانرێت ڕووبەری (٢.٢) ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی لەدەشتی حەویجەو کەرکوك و توزخورماتو بەراو کردووە، ئەو پلانە زیاتر پشتی بەئاوی پاشەکەوتکراوی بەنداوی دوکان بەستووە ئەگەرنا ئاوی زێی بچوك لەتوانایدا بووە تەنها ڕووبەری (٨٥٠) هەزار دۆنم ئاودێری بکات (السعدي ١٩٧٦، ص١٨٩). ئامانجی سەرەکی ئەو پڕۆژانە نیشتەجێ کردنی هەزارانماڵی خێڵە عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق بووە لەدەوروبەری شاری کەرکوك لەچوارچێوەی پلانی بەعەرەبکردنی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەم هۆیەش گەلی کورد ئەو پڕۆژانەی بەتایبەتی پڕۆژەی حەویجەی بەپڕۆژەیەکی پلان بۆ دانراوی ڕامیاری زانیوە بۆ بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك(محمد ٢٠٠٦، ص١٦٦). کەواتا بەدەست بەکاربونی ئەو دوو پرۆژەیەی دەوڵەتی ئێران ئەگەرێکی زۆر هەیە کە تەواوی ئەو زەویانە ببن بەزەویەکی دێمەکارو بەیەکجاری بەروبومی هاوینە لەدەست بدەن بەتایبەتی لەگەڵ بەردەوام بونی وشکە ساڵی و زیاتر توندبونەوەی وشکەساڵی، وە بەهۆی کەمی باران لەو ناوچانەدا(حەویجە و کەرکوك) ناتوانرێت بکرێت بە دانەوێڵەی زستانەش وەکو (گەنم و جۆ).

بۆ نمونە کاتێك هەردوو دەوڵەتی عیراق و سوریا کێشەیان هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئاوی فوڕات بەهۆی دروستکردنی بەنداوە گەورەکانی گاپ لەسەر هەردوو ڕوباری دیجلەو فوڕات، کە بریتیین لە (٢٢)بەنداو و (١٩)وێستگەی ئاوی(نەقشبەندی ٢٠٠٣، ل١٣١٢)، لەدانیشتنەکاندا وا بڕیاردرا، کە بڕی (٥٠٠م$^3$/چرکە) لەئاوی فوڕات بۆ عیراق ڕەوانە بکرێت، بەڵام عیراق داوای دەکرد کە بەهیچ شێوەیەك لە (٧٠٠م$^3$/چرکە) کەمترنەبێت ئەگەرنا(٦٥)هەزار هێکتار (واتا٢٦٠هەزاردۆنم) لەزەویە کشتوکاڵیەکانمان پەکیان دەکەوێت و سودی کشتوکاڵیان نامێنێت(اسماعیل ٢٠٠٤، ص١٧٥)، کەواتا (١م$^3$/چرکە) لەئاو دەتوانێت (١٣٠٠)دۆنم زەوی کشتوکاڵی ئاودێری بکات، کاتێك دەوڵەتی ئێران بڕی (٧٠٠) ملیۆن سێجا ئاوی زێی بچوك لەساڵێکدا گل دەداتەوە ئەوا دەکاتە (٢٢.٢م$^3$/چرکە)، کەواتا بەو پێیە دەوڵەتی ئێران تەنها لەپڕۆژەی بەنداوی کانی سێو زیان بە ڕووبەری (٢٢.٢ X ١٣٠٠ = ٢٨٨٦٠ دۆنم) لەزەویە کشتوکاڵیەکانی هەرێم دەگەیەنێت، کە ئەوەش ڕووبەرێکی زۆر و فراوانەو دەبێتەهۆی لەدەستدانی بەرهەمێکی زۆری کشتوکاڵی لەوەرزی هاویندا، وە ئەگەر بەنداوی (کۆڵەسە)ش تەواو ببێت لەپاڵ دوو دوو بەنداوە تەواوبووەکەی تردا(بریسۆ ، گرژاڵ)و ئاو لەهاویناندا گل دەنەوە ئەوا سەدان هەزار دۆنمی کشتوکاڵی هەرێم لەوەرزی هاویندا بێ ئاودەبن، ئەوەی ئاشکرایە بەهۆی ئەو وشکەساڵیەی کە باسکرا پێش ئەوەی وڵاتی ئێران پڕۆژەکانی ئاوی هەرێم کەم بکەنەوە، ئاوی زێی بچوك و لقەکانی زۆر کەم بووەتەوەو هەزاران دۆنم زەوی لەهاویناندا بێ ئاو بوون و بەرهەمی کشتوکاڵیان نەماوە، بەتایبەتی لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوەو لەئێستادا تەنها (٣٠م$^3$/چرکە) ئاوی هەیەو لەهاویناندا دەبێتە هۆی ئەوەی (٥٠٠)هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی بێ بەرهەم بمێننەوە، چونکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو زەویانە پێویستە بڕی ئاوی زێی بچوك (٨٠م$^3$/ڕۆژ)بێت، وە ئەو کەمبونەوەیە کاریگەری لەسەر گۆڕینی جۆری ئاوەکەش کردوەو ڕێژەی خوێی ئاوەکە زۆر بووە، هەتا ئەوەی گوندەکانی نزیك لێواری زێیەکە لەئێستادا ناتوانن بۆ ئاوی خواردنەوەو خواردن ئامادەکردن بەکاری بهێنن (السبعاوي، Kirkuknow.com)، ئەوە لەکاتێکدایە کە تێکڕای ساڵانەی ئاوی زێی بچوك لەساڵانی (١٩٣٣- ١٩٧٠) (٢٢٧م$^3$/چرکە) بووە لەئاڵتون کۆپری(الصحاف ١٩٧٦، ص١٢٩).

**٣- کاریگەری لەسەر دەرامەتی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە:** بێگومان سەرچاوەی ئاوی ژێرزەوی بریتین لە: دابارین، دەریاچەکان، ڕوبارەکان، دەڵاندن(جاسم، مجلة بیئتنا، عدد ١٠٦)، لەبەرئەوە هەموو ڕوبارێك بەپێی قەبارەکەی کاریگەری دەبێت لەسەر ئاوی ژێرزەوی بەپێی پێکهاتەی خاك و جیۆلۆجیای دەوروبەری ڕوبارەکە (تاڵەبانی ٢٠١١، ل٨٤) واتا ڕوبارو ئاوی ژێرزەوی پەیوەندیەکی ئەندامیان لەنێوانداپەو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خۆراك بەیەکتر دەدەن(السماك ٢٠١٢، ص٢٠٩)، بەهۆی ئەمەوە دەبینین بەپێی لێکۆڵینەوە زانستیەکان دەوڵەمەندترین شوێنەکانی پشدەر و بیتوێن بەئاوی ژێرزەوی لێوار و شوێنەکانی دەوروبەری ڕوباری زێی بچوکن، تا لەو ڕوبارە دوور بکەوینەوە بڕی ئاوی ژێرزەویش کەمتر دەبێتەوە(علی ٢٠١١، ل١٨٦)، (Al-Manmi 2008, pp70). کاریگەری ڕووبار لەسەر دەوڵەمەندکرنی وشکانیەکانی نزیك ڕووبارەکە بەئاوی ژێرزەوی زۆر بەڕوونی دەتوانرێت هەستی پێ بکرێت لەزێی بچوك و ڕوبارەکانی تری ناوچەکەش، ئەویش کاتێك ئاستی ئاوی ڕوبارەکە لە وەرزە وشکەکاندا دادەبەزێت دەبینین ئاو لەلێوارەکانی ڕوبارەکەوە دێتە دەرەوەو دەڕژێتە ناو ڕێڕەوی ڕوبارەکەوەو خۆراکی پێ دەدات و ئاوەکەی زیاددەکاتەوەو دەبێت بەڕووبارێکی هەمیشەیی، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاتێك ئاستی ئاوی ڕوبارەکە بەرز بووە لەلێوارەکانیەوە دزەی کردووەتە ناو خاکی دەوروبەری و ئەو ناوچەیەی دەوڵەمەند کردووە بەئاوی ژێرزەوی.

**٤- کاریگەری لەسەر چالاکی پیشەسازی:** بێجگە لە کۆمپانیای نەوتی عیراق کە ناسراوە بە(I.P.C) و تا ساڵی ١٩٦٨ پێویستی بە(٢.٥م$^{٣}$/چرکە)هەبووە (السعدی ١٩٧٦، ص١٥٤)، و وێستگەکانی بەنداوی دوکان بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەبڕی (١٢٠مێگاوات/کاژێر)، ئەگەرنا پرۆژەی زۆر گەورەی پیشەسازی لەسەر زێی بچوك بنیات نەنراوە، تەنها چەند کارگەیەکی لم و چەو شردنەوە نەبێت، بۆ نمونە لەسنوری قەزای پشدەر نزیکەی (٦) کارگەی لێیە، لەباردوۆخی کەمبوونەوەی ئاوی زێی بچوك بەڕێژەیەکی زۆر، زیانێکی گەورە بەر ئەو کۆمپانیا و وێستگەو کارگانەش دەکەوێت..

**٥- کاریگەری لەسەر ڕاوی ماسی:** بەدرێژایی زێی گەورە ڕاوی ماسی دەکرێت، بەتایبەتیش لەئاوی دەریاچەی دوکان، کە لەبازاڕەکانی قەڵادزە، ڕانیە، چوارقوڕنە، دوکان، کۆیە، تەقتەق، سلێمانی... هتد. دەفرۆشرێن، ئەو کاتە زیانێکی زۆر بەر ئەو بەرهەمەش دەکەوێت، هەروەها زیان بەر ئەو حەوزی ماسیانەش دەکەوێت کە لە کەنارەکانی ئەو زێیە دروستکراون، هەروەکو لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا نیشاندران و ڕاپۆرتیان لەسەر بڵاوکرایەوە.

**٦- کاریگەری لەسەر گەشتوگوزار و ژینگە:** زێی بچوك بەسروشتی خۆی ژینگەیەکی جوانی بەدەوروبەری خۆی بەخشیوەو خەڵکێکی زۆر لەوەرزی سەیران و گەشتو گوزاردا ڕووی تێدەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، بەهۆی بوونی ئاوێکی زۆر و بوونی سەوزایی و دارودرەخت لە کەنار و دوروبەریدا، هەروەها لەناو شاری دوکانیش چەندین سەیرانگا لەهەردوو کەناری زێی بچوك دروستکراون و ساڵانە لەوەرزی بەهار و سەیراندا هەزاران کەس کاتەکانی خۆیانیانی تێدا بەسەردەبەن و چێژ لە جوانی فێنکی سەیرانگاکە وەردەگرن و گەشتیارێکی زۆریش مەلەی تێدا دەکەن(ئەگەر چی هەندێك جاریش کارەساتێکی جەرگ بڕ دەنێتەوەو کەسانێك تێیدا دەخنکێن و گیان لەدەستدەدەن)، لەکاتی کەمبونەوەی ئەو ئاوە دەبێتەهۆی تیچکچونی تەواوی ژینگەی ئەو ناوچەیەو ئەو جوانی و سروشتەی نامێنێت و دەبێتەهۆی پیس بوونی ئاوەکەیی و ژینگەکەی.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**باسی دووەم : باسی ئەرکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغداد چیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە :**

سەرەتا: زۆربەی توێژەران و لێکۆڵەرەوە نێودەوڵەتیەکان دەمێکە پێشبینی ئەوەیان کردووە کە دەرامەتە سروشتیەکان و لەهەمووشیان گرنگتر ئاو، دەبنەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگ لەنێوان وڵاتاندا (نەقشەبەندی ۲۰۰۲، لا۱۷)، زۆربەی دەرامەتە سروشتیەکان دەکرێت زیادبکرێن یان قەرەبوو بکرێنەوە، یاخود کانگای تازە بدۆزرێنەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بڕی ئاو زیادبکەین لەسەر زەوی، تەنها ئەوەندە نەبێت کەلەڕێگای بەنداوەوە دەتوانێت لەناوچەیەك عەمبار بکرێت و هەڵبگیرێت بۆ کاتی پێویست، دیارە ئەو بابەتەی ئێمە کە باسی زێی بچوکە، زێی بچوك دووەم لقی گەورەی ڕووباری دیجلەیە، دیجلەو فوڕات کە گەورەترین دوو ڕووباری خۆرهەلاتی ناوەڕاستن و لەکوردستانی تورکیا هەڵدەقوڵن و بوونەتە جێگای ململانێ و کێبڕکێیەکی گەورە لەنێوان وڵاتانی (عیراق – ئێران)، (عێراق – تورکیا)، (عێراق – سوریا)، (عێراق و سوریا – تورکیا)، هەتاوەکو ئێستا چەندین دانیشتن لەنێوان ئەو وڵاتانەدا ڕویداوە بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەگەیشتونەتە هیچ ڕێککەوتن و لێکتێگەییشتنێك (کلیر ۲۰۰۲، ص ۱۹۵). ئەم ململانێیە لەسەر ئاوی شیرین و پاکی ڕووبارەکانە کە بۆمەبەستی خواردنەوەو ناوماڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی و ئاودێری کشتوکاڵی بەکاردێت، ئاوی شیرین لەسەر ئاستی جیهان (۳٪)ی گشت ئاوی جیهان پێکدەهێنێت، زۆربەی زۆری ئەو ڕێژەیەش بەشێوەی سەهۆڵ و ڕوباری سەهۆڵی و بەفردایەو لەبەردەستی مرۆڤدا نیە، ئاوی شیرینی ڕووبارەکانی جیهان تەنها (۱۲۰۰کم$^{3}$/چرکە) بەردەستە (جداری عیوضی۱۳۸۹، ص۳)، ئەو بڕەیەش زۆر لەژێر هەڕەشەدایە بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان بەڕێژەیەکی زۆر، ئەوەش دەبێتەهۆی بەکارهێنانی زۆری ئاو بۆ خواردنەوەو کشتوکاڵ و زیادبونی داخوازی لەسەر ئاو، بۆنمونە ئەگەر سەیری خشتەی(۲) بکەین، دەبینین کە ژمارەی دانیشتوانی هەرسێك وڵاتی(عێراق، سوریا، تورکیا) لەساڵی ۱۹۵۰دا تەنها (۲۹.۵)ملیۆن کەس بووە، بەڵام لەساڵی (۱۹۹۸)دا دەبن بە(۱۰۰.۹)ملیۆن کەس وە واش چاوەڕوان دەکرێت کە لەساڵی (۲۰۲۵)دا ببێت بە(۱۵۳.۷) ملیۆن کەس، وە لەساڵی (۲۰۵۰) ببێت بە(۱۸۸.۵) ملیۆن کەس.

**خشتەی(۲) گەشەی چاوەڕوانکراوی دانیشتوانی وڵاتانی (عیراق – سوریا – تورکیا) نیشاندەدات بە (ملیۆن) لەماوەی ساڵانی (۱۹۵۰ - ۲۰۵۰) وەك وڵاتانی ئاوەزێڵی ڕوبارەکانی دیجلەو فوڕات.**

| | ژمارەی دانیشتوانی چاوەڕوانکراو | | | | ڕێژەی سەدی زۆربونی دانیشتوان (۱۹۹۸ - ۲۰۵۰) |
|---|---|---|---|---|---|
| وڵات | ۱۹۵۰ | ۱۹۹۸ | ۲۰۲۵ | ۲۰۵۰ | |
| عیراق | ٥.۲ | ۲۱.۸ | ٤۱.٦ | ٥٦.۱ | ۱٥۷.۳ |
| سوریا | ۳.٥ | ۱٥.۳ | ۲٦.۳ | ۳٤.٥ | ۱۲٥.٥ |
| تورکیا | ۲۰.۸ | ٦۳.۸ | ۸٥.۸ | ۹۷.۹ | ٥۳.٤ |
| سەرجەم | ۲۹.٥ | ۱۰۰.۹ | ۱٥۳.۷ | ۱۸۸.٥ | ۸٦.۸ |

سەرچاوە: كلير، مايكل، الحروب على الموارد– الجغرافيا الجديده للنزاعات العالميه، ترجمه: عدنان حسن، دار الكتاب العربى، بيروت، ص ۱۸۳.

هەروەها بەسەرنجدان لەژمارەی دانیشتوانی عیراق دەبینین لەساڵی (۱۹۵۰) تەنها (٥.۲) ملیۆن کەس بووە و لەساڵی (۱۹۹۸)دا دەبێت بە(۲۱.۸)ملیۆن کەس، وە چاوەڕوانیش دەکرێت لەساڵەکانی (۲۰۲٥) و (۲۰٥۰)دا ببێت بە (٤۱.٦) ملیۆن و (٥٦.۱)ملیۆن کەس یەك لەدوای یەك، ئینجا جگە لەوەی کە ژمارەی دانیشتوان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

زیاددەکات ئەوەش دەبێتەهۆی زیادبونی داخوازی و پێداویستی لەسەر ئاو، دەبینین لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و تەکنۆلۆجیادا بڕی بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئاوی تاکەکەسیش زیاددەکات، بۆنمونە ئەگەر ئەگەر تاکی عیراقی لەساڵی (١٩٩٠)دا بڕی (١٢٠لیتر/ڕۆژ) بەکارهێنابێت ئەوا لەساڵی (٢٠٣٠)دا بڕی (٢٢٠لیتر/ڕۆژ) بەکاردەهێنێت، واتا نزیکەی دوو ئەوەندە(الأشم ٢٠١٢، ص٧٥)، وە لەکاتی ئێستادا دانیشتوانی شاری بەغداد پێویستی بەبڕی (٣.٥)ملیۆن مەتر سێجا لەئاوی دیجلە هەیە لەڕۆژێکدا بەڵام ڕۆژانە (٠.٧)ملیۆن مەتر سێجا کەمی دەهێنێت، وەکو ئاشکرایە وڵاتی تورکیا لەناو خاکی خۆیدا دەستی کردوە بە بنیاتنانی بەنداوێکی زۆر گەورە بەناوی بەنداوی (ئیلی سو) لەسەر ڕوباری دیجلە، وا دروستدەکرێت کە بتوانێت بڕی (١١)ملیار مەترسێجا لەئاوی دیجلە گل بداتەوە، بەتەواوبونی شاری بەغداد بەتەواوی پەکی دەکەوێت(علاو اللامی، http://al-aalem.com). زێی بچوکیش دووەم لقی گەورەی دیجلەیە لەدوای زێی گەورە. کەواتا ئەو سێ دیاردەیە: (وشکەساڵی، زۆربونی دانیشتوان، زیادبونی بڕی ئاوی بەکارهێنانی تاکەکەس) گەورەترین کارەسات دروستدەکەن لەداهاتوداو دەبن بەهەڕەشە بۆسەر ژیانی مرۆڤ لەعیراق و لەهەرێمە جیاجیاکانی سەر سەرزەوی، بەڵام مەترسیەکی زۆر گەورە لەسەر عیراقە، هەروەکو لەنەخشەی (٢) دەبینرێت. دیارە هەرسێ دیاردەکە کاریگەریان زۆرەو دەبێت بەهەند وەربگیرێن، لێرەدا ئەوەی کە زۆر کاریگەرەو مەترسیدارترینە گۆڕانی کەش و هەوایە، کە بووەتە هۆی کەم بوونەوەی بڕی دابارین و دەرکەوتنی دیاردەی وشکەساڵی، وە لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە بەردەوام بێت، وە بەپێی پێش بینیەکان ئەو وشکەساڵیە بەردەوام دەبێت و کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەتا بەپێی پێشبینیەکان ئەگەری زۆرە لەساڵی ٢٠٤٠دا هەردو ڕوباری دیجلەو فوڕات وشك ببن(عمار dw.com)، هەروەها بەپێی پێشبینیەکانی ناسا خۆرهەلاتی ناوەڕاست بەرەو ڕووی گەورەترین وشکە ساڵی و کەم ئاوی دەبێتەوە، کە لەماوەی ٩٠٠ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە ، توندی ئەو وشکە ساڵیەی ئێستا بەرێژەی (٥٠٪)زیاترە لەو وشکەساڵیانەی کە لەماوەی (٥٠٠) ساڵی ڕابردوو ڕویانداوە، وە بەرێژەی (١٠٪ - ٢٠٪)زیاترە لەو وشکەساڵیانەی کە لەماوەی (٩٠٠) ساڵی ڕابردوو ڕویانداوە (دبي - قناة العربية)، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەرامەتی ئاوی وڵاتی عیراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە لەژێر هەڕەیەشەیەکی گەورەو مەترسیدار دایە بەهۆی پرۆژە ئاویەکانی هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران، تورکیا وەکو پێشتریش باسکرا (٢٢) بەنداوی لەسەر هەردوو ڕوباری دیجلەو فوڕات دروستکردوە، لەوانە (١٨)یان لەسەر ڕوباری فوڕات و (٤)یشیان لەسەر ڕوباری دیجلەن (حسن ٢٠٠٨، ص٤٣) بەناوبانگترینیان (ئیلی سو)یە دوای ئەویش بەنداوی (جەزیرە)یە.

هەروەها دەوڵەتی ئێرانیش ڕێگری دەکات لەهاتنی ئاوی (٤٠) ڕوبار و لقەڕوبار کە لەناو خاکی ئەو وڵاتەوە دێن بۆ ناو خاکی هەرێم و عێراق، چ بەهۆی بەنداوەوە بێت یان گۆڕینی ڕێڕەوەکانی بێت بەمەبەستی ئاودێریکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ناو خاکی خۆی(العيساوي ٢٠١٦، ص١٨٧)، وە کۆی هەموو ئەو ڕوبار و لقەڕوبارانەی کە لەخاکی ئێرانەوە دێنە ناو خاکی عیراق و هەرێمی کوردستان ژمارەیان (٦١) دانەیە(العيساوي ٢٠١٦، ص٢٥٩). ئەوەش ئەوە دەردەخات کە عیراق و هەرێمی کوردستان کێشەی جدیان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران هەیەو دەبێت لەگەڵیان دابنیشن و گفتوگۆی چارەسەری کێشەی ئاو بکەن.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**نەخشەی (٢) ناوچە زیان پێگەییشتوەکانی گۆڕانی کەشوهەوا نیشان دەدات لەجیهاندا لەئێستاو لەداهاتودا هەتا ١٠٠ساڵی داهاتوو**




سەرچاوە: http://ciesin.coumbia.edu/data/climate 2006 Wesleyan University and Colombia University

**تێبینی:** (١٠ Extreme vulnerability **ئەوپەڕی زیان پێکەوتوو،** 9 Severe **زۆرمەترسیدار،** 8 Serious **مەترسیدار،** 7 Moderate **مامناوەند،** No data **داتا لەبەردەستدا نییە**)

بۆ چارەسەری گرفتی کەم ئاوی و وشکەساڵی و پڕۆژەکانی وڵاتانی دراوسێ و کاریگەریان لەسەر وڵاتی هەرێم و عیراق هەردوولا دەتوانن لەو ڕێگایانەوە یا هەندێك لەو ڕێگایانە سود وەرگرن، دیارە بەهۆی ئەوەی باسەکەی ئێمە تەنها زێی بچوکە ئێمەش تەنها باسی ئەو دەکەین، بەڵام دەکرێت ببێت بەبنەمای چارەسەر بۆ ڕوبارەکانی تریش کە هەمان چارەنوسیان هەبێت:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**یەكەم: ڕێگا ناوخۆییەكان، كە بەخاڵ باسیان دەكەین:**

١- دروستكردنی بەنداوی بچوك: ئەگەرچی سەرچاوەی زێی بچوك كەتۆتە ناوخاكی ئێرانەوە، ڕوبەری ئاوەزێڵەكەی لەناوخاكی ئەو وڵاتەدا زۆر بچوكەو تەنها (٢٠.٦٪)ە، كەواتا زۆرینەی كە (٧٩.٤٪)ە، دەكەوێتە ناو هەرێمی كوردستانەوە(الأميري، ص١٢٤)، ئەوەش مانای وایە دەسەلاتدارانی هەرێمی كوردستان یان حكومەتی عیراق دەتوانن سود لەم پانتاییە زۆرە وەربگرن ئەویش بەدامەزراندنی چەندین بەنداوی بچوك لەسەر ڕێڕەوی ڕوبارەكە یاخود لقەكانی، بۆ نمونە لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو پێشنیار كراوە كە لە سنوری قەزای پشدەر شەش بەنداوی بچوك دروست بكرێت بەو شێوەیە: دوو بەنداو لەسەر ڕوباری گارڤێن (سەنگەسەر) لەنزیك گوندەكانی باراوەی خوارو و سەرو، بەنداوێك لەسەر ڕوباری ژاراوە نزیك لەگوندی بەلك و هەر بە بەنداوی بەلكیش ناوی هاتووە، بەنداوی چوارەم لەسەر ڕوباری هەڵشۆ وە لەنزیك شارۆچكەی هەڵشۆ، بەنداوی پێنجەم لەسەر ڕوباری زێی بچوك بەناوی بەنداوی دەڵگە لەنزیك گوندی دەڵگە، بەنداوی شەشەم بەنداوی گالۆش لەنزیك گوندی ڕازان(نەخشەی هایدرۆلۆجی قەزای پشدەر)، هەرچەندە ئەو بەنداوانە لەساڵی (٢٠٠٥)وە نەخشەیان بۆ كێشراوە بەڵام تا ئێستا هەر بەپێشنیاری ماونەتەوە، دەكرێت لەئێستادا چاو بەو بەنداوە پێشنیار كراوانەو شوێنی تریش بەدرێژایی زێی بچوك لەناو خاكی هەرێمی كوردستان دەستنیشان بكرێن و بچنەبواری جێبەجێ كردنەوە، هەروەها بەنداو لەسەر لقە گەورەكانی زێی بچوك دروست بكرێت وەكو وەكو ڕووبارەكانی سیوەیل و قەلاچوالان و جۆگە سورو ناڵپارێز دروست بكرێت، هەرچەندە بەنداوی زەڵان دروستكرا بەڵام لەوەرزی بارینی ساڵی (٢٠١٧)دا ڕووخا. بێگومان دروستكردنی بەنداوی بچوك چەندین سودی هەیە، لەوانە: هەڵگرتنی ئاوی باران و لافاو و ڕوبارەكە بۆ كاتی پێویست و وەرزی وشك ئەو كاتە بەكاردێت بۆ ئاودێری كشتوكاڵی هاوینە و سودی ئابوری زۆری دەبێت، لەلایەكی ترەوە دەبێتەهۆی دەوڵەمەندكردنی زیاتری ناوچەكە بەئاوی ژێرزەوی، وە دەبن بەناوچەیەكی گەشتوگوزاری خۆش و گەشتیاران دەتوانن كاتێكی خۆشی تێدا بەسەربەرن، دەتوانرێت ببن بەژینگەیەكی باش بۆ پەروەردەكردنی ماسی، لەكۆتا خاڵدا دەڵێین دەتوانرێت كارەبایان لێ بەرهەم بهێنرێت.

٢- كەمكردنەوەی بەكارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بۆ هەموو بەكارهێنانەكان چەند بتوانین، لەجیاتی ئەوە ئاوی سەرزەوی بەكاربێت و ئاوی ژێرزەوی هەڵبگیرێت بۆ كاتی زۆر پێویست واتا ئەو كاتەی كە ئاوی سەر زەوی نامێنێت.

٣- بارگاوی كردنی هەورەكان بەهەڵمی ئاو بۆئەوەی بڕێكی زۆرتر باران ببارێنن، هەروەها پێشی دەگوترێت بارانی دەستكرد: ئەو كارە لەوڵاتی ئێران لە پارێزگای یەزد تاقیكراوەتەوە سەركەوتونەبووە بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە بیابانەو بڕی بارانی لەنێوان (٥٠ — ١٠٠ملم)دایە، بەڵام لەناوچەشێدارەكان توانراوە بەهۆیەوە بڕی باران بەڕێژەی (١٠٪ - ٢٠٪)زیاد بكرێت، مەرجی سەركەتنی ئەو كارە ئەوەیە دەبێت هەوری سروشتی لەو ناوچەیە بوونی هەبێت، ئەگەر هەوری سروشتی نەبێت ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەك بارانی دەستكرد دروست بكرێت(كردوانی ٢٠٠٧، ص١٩١).

٤- پاكردنەوەی ئاوی زێرابەكان: بیرۆكەی پاك كردنەوەی ئاوی زێراب یان ئاوی پیس بوو زۆر كۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوری و ڕۆمانیەكان، ئاوی پاشەرۆیان بەكاردەهێنا بۆ كشتوكاڵی نزیك یەكە نیشتەجێیەكان وەك


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەپیت کەرێك، وە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کەمێك لەشارەکان درکیان بەوە کرد کە ڕژاندنی ئاوی پیس بووی زێرابەکان ڕاستەوخۆ بۆ ناو جۆگەلەو ڕوبارەکان کێشەی تەندروستی دەنێتەوە، ئەم بیرۆکەیە بوو بەپێشەنگی داهێنانی ئاسانکاریەکانی چارەسەری ئاوی زێرابەکان، ئەوەبوو یەکەم جار بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بۆهەر ماڵێك چاڵی کۆکردنەوەی ئاوی زێرابەکان لێدرا، وە لەناوەڕاتی سەدەی بیستەمدا کەمێك لەشارەوانیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیشەسازیان دابین کرد بۆ چارەسەری ئاوی پیسبووی زێرابەکان، وە لەساڵانی (١٩٥٠ — ١٩٦٠) داراییان دابینکرد بۆ شارەوانیەکانیان بۆ دابینکردنی ئەو کارە، وە لەساڵی (١٩٧٢)ەوە دابینکردنی دارایی بۆ پاك کردنەوەی ئاوی زێرابەکان بووە بەبڕیاری کۆنگرێسی ئەمریکی و هەتا ئێستا لەهەموو شارو شارۆچکەو گوندەکانی ئەو وڵاتە پیادە دەکرێت، ڕێژەی (٦٠٪ - ٧٠٪)ئاوی پاك کراوە بەکاردێتەوە بۆ داخوازیەکانی ڕۆژانەی دانیشتوان، وە ئەو ڕێژەیەی کە دەمێنێتەوە بەکاردێت بۆ شتنی ئۆتۆمبێل و ئاودانی سەوزایی و کاری کارگەکان وەکو خواردن لەقوتونان و لە بۆتڵنان(Encarta 2009)، ئەم ڕێگایە بۆ وڵاتە تازە گەشەکردووەکان زۆر گرنگە بەتایبەتیش لەناوچە وشك و نیمچە وشکەکاندا، چونکە لەو ناوچانە ئاو کەمەو لەهەمان کاتیشدا پێویستیەکی زیاتر بەئاو هەیە، پاك کردنەوەی ئاو تەنها ئاوی زێرابەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئاوی ئاودێریش دەگرێتەوە، واتا ئەو ئاوەی کە پێشتر ئاودێری پێکراوە وا باشە پاك بکرێتەوە ئینجا ئاودێری پێ بکرێتەوە(بەلبەع ٢٠١٣، لا٨٤). پاك کردنەوەی ئاوی ئاودێری زێرابەکان ئەو سودانەی خوارەوەیان هەیە:

أ- ڕێژەی ئاوی پاك بۆ کاروباری ناوماڵ و ئاودێری زۆر زیاددەکات.

ب- بەکارهێنانی ئاوی پاك لەسەرچاوەکانیانەوە زۆر کەمدەبێتەوە، سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی بێت یان ئاوی ژێرزەوی بێت، ئاوی نوێ بووەوەی ساڵانەی ئەو وڵاتە زۆر زیاددەکات.

پ- ئاوی پیسی زێرابەکان و ئاودێری نارژێتە ناو ڕوبارو دەریاو دەریاچەکانەوەو ئەو کاتەش ئاوەکانیان لە پیس بوون دەپارێزرێت.

٥- لەرێگەی دبلۆماسی و سیاسیەوە هەوڵ بدرێت وڵاتی ئێران ڕێز لەسەروەری هەرێم و عیراق بگرێت و ڕەچاوی بەرژەوەندی هاوبەشی هەردولا بکات لەهەموو بوارەکاندا لەناویشیاندا ئاو، بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکانی سەبارەت بە ڕوبارەکان، یانیش پەنا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ببرێت بۆ ئەو کارە.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

**باسی سێیەم: رەهەندی سیاسی و ئابوری ئەو پرۆژانە لەسەر ئاییندەی هەرێم و عیراق، لەگەڵ تێڕوانینی یاسا نێودەوڵەتیەکان بۆ ئەو پرۆژانەی کە ولاتی ئێران لەسەر ئەو زێیە ئە نجامیان دەدات.**

**١- ڕەهەندی سیاسی و ئابوری ئەو پرۆژانە لەسەر ئاییندەی هەرێم و عیراق:** ئەگەرچی بیانووی هەردوو ولاّتی تورکیاو ئێران وشکەساڵی و کەمبوونەوەی بڕی ئاوە لەولاّتەکانیاندا(نەقشبەندی ٢٠٠٨، ل١١١)، بەلاّم دەشکرێت ڕەهەندی سیاسیان لەپشتەوە بێت، وەکو ئاشکرایە دەرامەتی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان ڕوباری دیجلەو لقەکانیەتی، وە سەبارەت بەعیراقیش ڕوباری دیجلەو فوڕات و لقەکانیانە، سەرچاوەی هەردوو ڕوبارەکەو لقە گەورەکانیشیان هەردەکەوێتە ئەو دوو ولاّتەوە، ئەگەر ئاوەکان لەناو ئەو دوو ولاّتەدا وشك بکرێن ئەوا عیراق ناتوانێت لەهیچ ولاّتێکی ترەوە ئاو هاوردە بکات، چونکە ولاّتەکانی تری دراوسێی عیراق (سوریا، ئوردون، شانشینی عەرەبی سعودی، کوێیت) خۆیان گرفتی ئاویان هەیە چونکە ناوچەکانیان بیابانەو ڕوباریشیان نیە بێجگە لە سوریا کە ڕوباری فوڕاتی بەناودا تێپەڕدەبێت بەرەو عیراق بەلاّم ئەویش گرفتی کەم ئاوی هەیە بەهۆی پرۆژەکانی ولاّتی تورکیا لەسەر ئەم ڕوبارە، وە لەڕووی سنوری جوگرافیشەوە ناتوانێت ئاو لەولاّتێکی ترەوە (بۆ نمونە لەڕوسیا یان ولاّتانی ئەوروپی)لەڕێگەی بۆڕیەوە هاوردە بکات، وە ئەگەر گریمان بشکرێت ئەوا تێچونێکی دارایی زۆری دەوێت و بڕەکەشی زۆر کەم دەبێت کە بەهیچ شێوەیەك بەشی زیاد لە (٣٠)ملیۆن عیراقی ناکات، کەواتا ئەو کاتە عیراق و هەرێم ناچار دەبن ئاو لە ئیران و تورکیا بکڕن یان بەپارە یان بەگۆڕینەوەی بە نەوت، ئەو کاتە تورکیا و ئیران سودێکی ئابوری زۆر دەکەن لەبەرامبەریشدا زیانێکی گەورەی ئابوری بەر عیراق و هەرێم دەکەوێت، یانیش ئەم دوو ولاّتە لەبەرامبەر ئاودا داوا لە عیراق و هەرێمی کوردستان دەکەن کە سنوری سیاسی و کارگێڕیان بخەنە سەر ئەم دوو ولاّتە. ئەوکاتە ئەو دوو ولاّتە لەرێگای بەنداوەکانیان مەرامێکی سیاسی گەورە بەدەستدەهێنن و سنوری سیاسی ولاّتەکانیان گەورە دەکەن.

**٢- تێڕوانینی یاسا نێودەوڵەتیەکان بۆ ئەو پرۆژانەی کە ولاّتی ئێران لەسەر ئەو زێیە ئەنجامیان دەدات:**

دیارە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە لەسەر زێی بچوك و پرۆژەکانی ولاّتی ئیرانە، بەلاّم بەهۆی ئەوەی هەردوو ولاّتی تورکیاو ئیران پێش برکێ دەکەن لە دروست کردنی بەنداو و گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو ڕوبارانەی بۆ هەرێم و عیراق دێن و دەرامەتی ئاوەکەی وشك بکەن، ناچارین هەندێك جار باسی تورکیا بکەین، ئەم دوو ولاّتە بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەی ڕوبارەکان کەوتونەتە ناو خاکیانەوە بەهیچ شێوەیەك دان بەوەدانانێن کە ئەم ڕوبارانە ڕوباری نێودەوڵەتین بەڵکو بەڕوباری نیشتمانیان دەزانن و تەواو بەمافی ڕەوای خۆیانی دەبینن کە بەرژەوەندیەکانی هەرێم و عیراق پشت گوێ بخەن تەنها بیر لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بکەنەوە، ئێران پرۆژە لەسەر ڕێڕەوە ئاوەکان و دەرامەتی ئاوی عیراق وشکدەکات و هیچ لێدوانێکیش نادات و وەکو ئەوەی هیچی نەکردبێت و هیچ ڕووی نەدابێت، وە لەدانیشتنەکانیشدا هەموو دەوڵەتە ئێرانیەکان بەدرێژایی و کات لەدانیشتنەکانیاندا ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە کە عیراق هیچ مافێکی هەبێت لەو ئاوانەی کە لە خاکی ئەوانەوە دێتە ناویەوە، وە پێی وایە کە ئاو کەرەستەیەکی بازرگانیەو بۆی بیفرۆشێت هەروەکو لەساڵی ١٩٩١دا رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ ولاّتی قەتەر ئیمزا کرد بۆ ئەوەی بڕێك لەئاوی ڕوباری کارۆن لەڕێگەی بۆڕیەوەو لەژێر ئاوی کەنداوەوە بفرۆشێتە ئەو ولاّتە لەژێر ناوی (پرۆژەی ئیمان) (العیساوي ٢٠١٦، ص٤٠٠)، بەهەمان شێوە تورکیاش پرۆژەیەکی هەبوو بۆ فرۆشتنی ئاوی شیرینی ولاّتەکەی بە ئیسرائیل و ولاّتانی تری کەنداو لەژێرناونیشانی (بۆڕیەکانی ئاشتی) (العیساوي ٢٠١٦،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ص٢٠٠). بەڵام تورکیا لەسەرزاری بەرپرسە باڵاکانیان ئەوەیان دەربڕیوە کەئەوان هەموو ڕووبارەکانی تورکیا مادام سەرچاوەکانیان لەناو خاکی تورکیادا بێت ئەوا هیچ وڵاتێکی تر بۆی نییە کە ڕەخنەبگرێت لەوەی کە تورکیا چۆن ئەو ڕوبارانە بەکاردەهێنێت، ئەوەتا (سلێمان دیمیرێل) کە ئەو کات سەرۆك وەزیرانی تورکیا دەبێت لە(١٩٩٠/٥/٦)دا دەڵێت "تورکیا سەروەری تەواوی هەیە لەسەر دەرامەتی ئاوەکەی، وە نابێت هیچ کێشەیەکی نێودەوڵەتی دروست ببێت بەهۆی ئەو بەنداوانەی کەلەسەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فوڕات بنیاتی دەنێت، وە دەبێت هەموو لایەك ئەوە بزانن کە نە ڕووباری فوڕات وە نە ڕووباری دیجلە ڕووباری نێودەوڵەتی نین، بەڵکو دوو ڕووباری تورکین تا ئەو خاڵەی کە لێیەوە تورکیا جێدەهێڵن"(حسین ١٩٩٧، ص١٢٤).

کەواتا لێرەدا وا پێویست دەکات کە پێناسەی ڕووباری نێودەوڵەتی و ڕووباری نیشتمانی بکەین:

أ- **ڕووباری نێودەوڵەتی:** بەشێوەیەکی گشتی ڕووباری نێودەوڵەتی وا پێناسە دەکرێت: "بریتییە لەو ڕووبارەی کە دوو وڵات یان زیاتر لێك جیادەکاتەوە، یاخود بەهەرێمەکانیاندا تێدەپەڕێت، وەهەر وڵاتەك بەپێی پسپۆڕیە هەرێمایەتیەکەی خۆی کەڵك لەو بەشە دەبینێت کە بەهەرێمەکەیدا تێدەپەڕێت، بەڵام دەبێت پابەندی پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتانی تر بێت کە ئەو ڕووبارەی پێدادەڕوات، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بەسودی هاوبەش بۆ مەبەستەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و کەشتیوانی نێودەوڵەتی.

ب- **ڕووباری نیشتمانی:** وە پێشیان دەگوترێت ڕووباری نەتەوەیی، ڕووباری ناوخۆیی، ڕووباری لۆکاڵی، "ئەو ڕووبارانەن کە ئاوەزێڵ و ڕێڕەوە سروشتیەکانیان و لقەکانیشیان لە سەرچاوەوە هەتاوەکو ڕێژگەکەی بکەونە ناوخاکی یەك وڵاتەوە" ئەو وڵاتە سەروەری تەواوی هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو ڕوبارە بێ گوێ دانە پارێزگاری کردن لەبەرژەوەندی وڵاتانی تر، وەکو ڕووباری تایمز لەبەریتانیا، میسیسپی لە لاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا، هوانگهو لە چین(اسماعیل ٢٠٠٤، ص٢٤٧). بەگوێرەی پێناسەی ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان بێت ئەو هەردوو ڕووباری سەرەکی دیجلەو فوڕات و لقەکانیان ڕووباری نێودەوڵەتین و پێویستە لەدروستکردنی ئەو بەنداو و پرۆژانەی سەر ڕووباری زێی بچوك ڕەچاوی بەرژەوەندی هەرێم بکرێت. بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە کەهیچ یاسایەکی بەهێز نییە کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەرچوبێت و لەکاتی کێشەکاندا بگەڕێنەوە سەر ئەو یاسایەو هەردولا ناچار بەپابەند بوون بکات(اسماعیل ٢٠٠٤، ص٢٤١). لەوانەیە نەبونی ئەو یاسایەش پلانی زلهێزەکان بێت بۆ هێشتنەوەو بەردەوام بونی کێشەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و پاراستنی بەرژەوەندیە پاوانخوازەکانی خۆیان بەشێوەیەکی بەردەوام، یاخود نەبونی کێشەی ئاو بێت لەنێوان وڵاتاندا هەتا ئێستا.

هەروەها کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لەکۆبونەوەکانی خولی ساڵی (١٩٦٦)ی خۆیدا کە لە هلسینکی پایتەختی فینلەندا بەستراوە ئەو ڕێسایانەی دەرکردووە، کە زۆر پەیوەستن بە بابەتەکەی ئێمەوەو ئەمانەی خوارەوەن:

أ- لەماددەی (٤)دا هاتووە (هەر وڵاتێك لەوڵاتانی ئاوەزێڵی ڕووبارێکی نێودەوڵەتی مافی خۆیانە بەشێکی ژیرانەو ویژدانانە لەئاوی ئەو ڕووبارە بەکاربهێنن بەکارهێنانێکی سودمەندانە).

ب- لە ماددەی (٥)یشدا ئەو بەشە ژیرانەو ویژدانانە(معقولة ومنصفة)ی دیاری کردوەو ڕونکردۆتەوە، کە بەگوێرەی ئەم هۆکارە گونجاوانەی خوارەوە دەبێت:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- **جوگرافیای ئاوەزێڵەکە:** بەتایبەتی درێژبونەوەی پشتێنەی خۆراک پێدان لەهەر وڵاتێك لەوڵاتانی ئاوەزێڵ. کەواتا بەگوێرەی ئەم خاڵە بێت زێی بچوك بەشی هەرەزۆری مافی هەرێمە، چونکە وەکو پێشتر باسمان کرد (٧٩.٤٪)ی ڕوبەری ئاوەزێڵەکەی دەکەوێتە هەرێمەوە، کەواتا ئێران تەنها مافی (٢٠.٦٪)ی ئاوی زێی بچوی هەیە کە بەکاری بێنێت.

٢- **هیدرۆلۆجیای ئاوەزێلەکە:** بەپێی ئەو خاڵەش بەشی هەرەزۆری ئاوی زێی بچوك مافی هەرێمە.

٣- **بەکارهێنانی پێشتری هەر وڵاتێك لە وڵاتانی ئاوەزێڵ:** بەپێی ئەم خاڵەش زۆر بەڕونی دیارە کە دەتوانین بڵێین کە زیاتر لە(٩٠٪)ی پێشتر لەلایەن عیراق و هەرێمەوە بەکارهاتووە بەهۆی سروشتی ئاوەزێڵەکەی لەئێران زۆر بچوکەو هاوسنوریشە لەگەل هەرێم و ناوچەیەکی شاخ و داخی زۆر سەختەو ڕێڕەوی ڕوبارەکەش زۆر قوڵە، کە نەتوانراوە ئاوەکەی بەکار بێت.

٤- **پێداویستی ئابوری و کۆمەلایەتی هەر وڵاتێك لەوڵاتانی ئاوەزێڵ:** بەگوێرەی ئەم خاڵەش بێت بەشی هەرەزۆری ئاوەکەی مافی هەرێمە، دەبینین نزیکەی (٢)ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی لەهەرێم پشت بەئاوی ئەو زێیە دەبەستن، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکردوە.

٥- **دانیشتوانی پشت بەستو بەئاوی ڕوبارەکە لەهەر وڵاتێك:** پێشتر ئاماژەمان پێکردوە کە چەندین شاری گەورەو مامناوەند و بچوك و گوند بۆ ئاوی خواردنەوە پشت بەئاوی زێی بچوك دەبەستن، کەواتا لەو خاڵەشدا مافی هەرێم تەواو دیارە.

٦- **بونی سەرچاوەی ئاوی تر:** لەوانەیە ئەو خاڵ بۆ هەردوولا وەکو یەك بێت.

٧- **دوورکەتنەوە لەپەرشوبلاگرنی ئاوی ئاوەزێڵەکە لەکاتی بەکارهێنانیدا:** ئەو خاڵەش زۆر بەڕونی باس لە نایاسایی پرۆژەکەی کانی سێوی ئێرانی دەکات، چونکە دەیەوێت بەشێك لەئاوی زێی بچوك بگوازێتەوە بۆ دەریاچەی ئورمیە.

٨- توانای پڕکردنەوەی پێویستیەکانی هەر وڵاتێکی ئاوەزێڵەکە بێ ئەوەی زیان بە وڵاتانی تر بگەیەنێت.

**پ-** لەماددەی (٧)یشدا هاتووە کە (نابێت وڵاتێك هەبێت بێ بەش بێت لەبەکارهێنانی ئاوی ئاوێزێڵێکی نێودەوڵەتی بەبرێکی ژیرانە بەهۆی خەزنکردنی لەوڵاتێکی ترەوە بۆ ئەوەی لەداهاتودا بەکاری بهێنێت). ئەو ماددەیەش بەڕونی نایاسایی بەنداوەکانی ئێران و تورکیا دەردەخات چونکە هەرێم و عیراق بێ بەش دەکەن لە ئاوی پێویست.

**ت-** لە ماددەی (١٤)شدا ئەو دوو خاڵەی خوارەوە هاتوون:

١- (نابێت ڕێککەوتننامەیەك بەندی وا لەخۆ بگرێت کە دانیشتوان بێبەش بکات لەئاوی پێویستی پێداویستەکانیان کە مانەوەیان لەو شوێنە بەندە لەسەر ئەو برە ئاوە). ئەو ماددەیە مەبەستی ئەوەیە کە نابێت وڵاتێك بەهێز ماددەیەك یان خاڵێك بسەپێنێت بەسەر لایەکەی تردا کە لەڕووی هێزەوە لاوازە، ئەم ماددەیە زۆر جوان و بەهێزە، دەبینین عیراق لەئێستاو ڕابوردوشدا بەرامبەر ئێران و تورکیا لاواز بووە بەتایبەتیش ئێستا، بەلاّم ئەم ماددەیە ڕێگری دەکات لەوەی لەڕێککەوتننامەی نێوانیاندا ئێران و تورکیا خاڵێك یان ماددەیەك بەسەر عیراق و هەرێمدا بسەپێنن کە دانیشتوانی ناوچەیەك بێ بەش لەئاوی پێویستی ژیان بەسەربردن.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢- هیچ دەوڵەتێکی هاوکەناری(متشاطئة)ڕوبارێکی نێودەوڵەتی نابێت ئاوی ڕوبارەکە بۆ خۆی گەمارۆ بدات یان ئاراستەکەی بگۆڕێت یان ئاوەکەی ببڕێت(وشکی بکات)بەهەر هۆیەك بێت، درێژی ڕوبارەکە لەناو خاکەکەیدا هەرچەند بێت، یان ژمارەی دانیشتوانە سودمەندەکەی هەرچەندێك بن، چونکە ئاوی نێودەوڵەتی دەرامەتێکی هاوبەشە.

هەروەها لەماددەی (١٢)ی پەیمانی ئاوی ئەوروپیدا هاتووە، کە لەساڵی (١٩٦٧)دا ئیمزا کراوە: (ئاو سنور نازانێت یان ناناسێت و دەرامەتێکی ئاوبەشە پێویستی بەهاریکاری نێودەوڵەتی هەیە، وە بنچینە (مبدأ)ی مافی بەکارهێنانی دەوڵەتە هاوکەنارەکان لەبەکارهێنانی ئاوی ڕوبارە نێودەوڵەتیەکان جیاوازە (بەدەرە)لەسەروەری لەسەر دەرامەتە سروشتیەکان. هەروەها توخمی زەوی هەرێمێك کە شتێکی جێگیرو نەجوڵاوە بەراورد بکرێت بە توخمی ئاو کە شتێکی جوڵاو و گوازراوەیە.

## ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان لەساڵی (١٩٩٧) بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاویە نێودەوڵەتیەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیوانی:

کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٩٧/٥/٢١)دا ڕێککەوتننامەیەکی نیودەوڵەتی نوێی دەرکرد سەبارەت بە یاسای بەکارهێنانە نا کەشتیوانیەکانی ڕێڕەوی ئاوە نێودەوڵەتیەکان، بەزۆرینەی (١٠٤)دەنگ و دژایەتی وڵاتەکانی (چین، تورکیا، بۆرۆندی) و دەنگ نەدانی (٢٧)وڵات لەناویاندا (مصر، فەرەنسا، ئەسیوپیا). ئامادەکردنی ئەم بڕیارە (٢٧)ساڵی خایاندووە، واتا لە(١٩٧٠ - ١٩٩٧)، پێکدێت لە(٣٣)ماددە کە لەلایەن لیژنەی یاسایی سەر بەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەکرابوو، گرنگترین ڕوخسارەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەوەیە کە بنچینەیەکی گشتی و تەواوی داناوە لەبارەی بەکارهێنانەکانی ئاوی ڕێڕەوە نێودەوڵەتیەکان، کە بەهۆیەوە دەرامەتی ئاوی ڕوبارەکان بەشێوەیەکی گشتی دابەشدەکرێت. دواتر دێتەسەر ڕێککەوتنی تایبەتی هەر ڕوبارێك لەڕوبارەکان، کە پێویستە لەنێوان ئەو وڵاتانەدا بکرێت کە ڕێڕەوی ڕوبارەکەیان پێدا تێدەپەڕێت بەپێی ئەو بنچینە و ڕێسا گشتیانەی کە ئەو ڕێککەوتننامەیە لەخۆی گرتبون و ڕەچاوی هەموو بارودۆخە تایبەتەکانی ڕوبارەکە دەکرێت لەهەموو لایەنێکەوە.

ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕاگەیاندراو بنچینە(مبدأ)ی دابەشکردنێکی دادگەرانەو ویژدانانەی بۆ ئاوی ڕوبارە نێودەوڵەتیەکانی دەرخست، وە بنچینەی ئەوەی هێنا کە هیچ وڵاتێك زیان بەوڵاتێکی تر نەگەیەنێت لەکاتی بەکارهێنانیدا، وە ئەگەر زیانێکی گەورەی پێگەیاند بۆی قەرەبوو بکاتەوە لەکاتی پێویستدا(العیساوي ٢٠١٦، ص٣٢٨).

هەروەها لەسەر ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی جیهانی ئاو و ژینگە کە لەساڵی ١٩٩٤ لە دبلن بەسترا ئەنجومەنی جیهانی ئاو دەرکەوت(World Water Council - WWC) و تا ئێستا شەش کۆبونەوەی نێودەوڵەتیان لەشوێنە جیاجیاکانی بەستووەو باسیان لە کێشەکانی ئاو کردووە لە جیهاندا(العیساوي٢٠١٦، ص١٤٣)، لەشەشەمین دانیشتنیاندا کە لە ١٢- ١٢ /٣/ ٢٠١٢ لەشاری مەرسیلیای فەرەنسا بەستراوە لەژێر ناونیشانی (کۆبونەوەی چارەسەر و پابەندبونەکان) باسیان، کە تێیدا جەختیان لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە کردەوە (العیساوي٢٠١٦، ص١٥٠):

١- ئاو مافێکی سروشتی هەموو تاکێکە لەجیهانداو بەمافێکی بنچینەییش دادەنرێت.

٢- دڵنیایی بدرێت بە بڕوجۆری ئاوی هەر مرۆڤێك.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

٣- تێچون و نرخی ئاوی گەییشتوو بۆ هاوڵاتیان کەم بکرێتەوە.

٤- ئاو هۆکارێکی گرنگە بۆ گەشەو پەرەپێدان و پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەبەکارهێنانی وزەوە هەیە.

٥- نابێت پرۆژە ئاویەکان زیان بە ژینگە بگەیەنن.

٦- پێویستە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٩٧ سەبارەت بە بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاویەکان بەمەبەستی ناکەشتیوانی جێ بەجێ بکرێت چونکە هەموو وڵاتێك لەژێرسایەو چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە.

٧- پێویستە وڵاتانی سەرچاوەو وڵاتانی ڕێژگە پلان و زانیاریەکانیان بگۆڕنەوە.

## ئەنجام:

١- زێی بچوك ڕووبارێکی هەمیشەییەو بەشی سەرەکی سەرچاوەکانی دەکەوێتە کوردستانی ئێرانەوە.

٢- درێژیەکەی (٤٠٠کم) و ڕووبەرەکەی (٢٢٢٥٠کم$^2$)ە.

٣- نزیکەی (٨٠٪)ی ڕووبەری ئاوەزێڵەکەی دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوەو (٢٠٪)یشی دەکەوێتە وڵاتی ئێرانەوە.

٤- وڵاتی ئێران لەناو خاکی خۆیدا هەستاوە بە دروستکردنی سێ بەنداو و پرۆژەیەکی ئاراستەگۆڕینی ئاویش بۆ دەریاچەی ورمێ.

٥- یەکێك لەو بەنداوانە تەواو بووەو پرۆژەی ئاراستە گۆڕینەکەش لەساڵی ٢٠١٩دا تەواو دەبێت.

٦- دوو بەنداوەکەی تریش (بریسۆ و گرژاڵ)لێکۆڵینەوەکانیان تەواو بووەو پێشبینی دەکرێت لە داهاتویەکی نزیکدا دەست بەدروستکردنیان بکرێت.

٧- لەرێگەی ئەو چوار پرۆژەوە وڵاتی ئێران دەتوانێت بڕی (٣.٥٠٥)ملیار مەتر سێجا لەئاوی زێی بچوك گل بداتەوەو مەترسیەکی زۆر دەخاتەسەر دەرامەتی ئاوی هەرێمی کوردستان و زیان بە ئاوی خواردنەوەو ئاودێری و پیشەسازی و گەشتیاری و ژینگەیی دەگەیەنێت.

٨- وڵاتی ئێران وای نیشاندەدات کە زێی بچوك ڕووبارێکی نیشتمانیە، بەڵام بەپێی پێناسە نێودەوڵەتیەکان و نەتەوەیەکرگرتووەکان زێی بچوك ڕووبارێکی نێودەوڵەتییەو ئێران تەنها دەتوانێت (٢٠٪)ی ئاوەکەی بەکاربهێنێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ڕاسپاردە:

١- حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند دەبێت بەشێوازی ناوخۆیی و دەرەکی بەرەوڕووی ئەو مەترسیە ببنەوە.

٢- لەناوخۆ: دەبێت بەنداوی بچوك و مامناوەند دروست بکەن، هەوڵ بدرێت بۆ دووبارە پاککردنەوەی ئاوی ڕۆییشتووی شارەکان، هەوڵ بدرێت بارانی دەستکرد دروست بکرێت، کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی.

٣- سەبارەت بەشێوازی دەرەکیش لەڕێگای دبلۆماسیەوە لەگەڵ وڵاتی ئێران دابنیشن لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی نەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتیەکان لەبارەی ڕووبارەکان، هەروەها پەنا ببرێت بۆ نێوەندگیری نەتەوە یەکگرتووەکان.

## سەرچاوەو پەڕاوێزەکان:


★- ئەو ناوە تەنها لەسەرچاوە فەرمیەکانی دەوڵەتدا بەکاردێت ئەگەرنا لەناوچەکەدا بەکارنایەت (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز: د. سعید خضری، سەرۆکی بەشی جوگرافیا لەزانکۆی کوردستان- سنندج لەبەرواری ٢٠١٧/٣/٢٧).

١- اسماعيل، اسماعيل اسعد، خصائص التصاريف لنهر الزاب الكبير في اقليم كوردستان العراق، رسالة ماجستير(غ.م)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-اربيل، ٢٠٠٦.

٢- اسماعيل، سليمان عبدالله، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، مركز كردستان الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤.

٣- الأشم، محمود ، المياه الحقيقية- المفاهيم – طرق الحساب – المنافع – التجارة العالمية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠١٢.

٤- الامم المتحدة، سلسلة دراسات عن المياه رقم ٩، الموارد الطبيعية، ادارة التعاون التقني لاغراض التنمية، دراسة عن شرق البحر المتوسط وغرب آسيا، ١٩٨٢.

٥- الأميري، شهاب محسن عباس، جغرافية العراق الطبيعية، دار الجواهر، بدون مكان الطبع، ٢٠١٣.

٦- الأمير، فؤاد قاسم، الموازنة المائية في العراق وأزمة المياه في العالم، ص٢١٨-٢٢١.

٧- البالاني، عزالدين جمعة درويش، اثر سد القادسية على التنظيم الاروائي لنهر الفرات في العراق(دراسة في الموارد المائية)، رسالة ماجستير (غ.م)، كلية التربية، جامعة الانبار، ٢٠٠٠.

٨- بختیاری، سعید، اطلس کامل گیتاشناسی- (سیاسی، طبیعی، اقتصادی)، مؤسسه جغرافیا و کارتوگرافی گیتاشناسی، دورهٔ دوم چاپ یزدهم، چاپ هامون، تابستان ١٣٧٨شمسی(١٩٩٩ز).

٩- بکر، بنار عبدالخالق، دەرامەتە سروشتییە سەرەکییەکانی قەزای کۆیە- گرفت و چارەسەرەکان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠.

١٠- بەلبەع، عەبدولمونعم، پیسبوونی ژینگە- گرفتێکی جیهانییە هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات، وەرگێڕانی سەلاح سەعدی: نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.



e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

١١- تاڵەبانی، ناهیدە جەمال، بەهاوکاری خالد تەیب بەرزنجی، دەرامەتی سەرچاوە ئاویەکان، چاپخانەی شەهاب، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەوپەخشی کۆیە، ٢٠١١.

١٢- جاسم، أمل، المياه الجوفية، مجلة بيئتنا – الهيئة العامة للبيئة- العدد ١٠٦. في صفحة الانترنيت.

١٣- جداری عیوضی، جمشید، جغرافیای آبها، چاپ چهاردهم، مؤسسه انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٨٩ هەتاوی – ٢٠١٠ز.

١٤- جعفری، عباس، گیتاشناسی ایران- جلد دوم رودها و رودنامه ایران، چاپ سوم، چاپ هامون، تهران، ١٣٨٤شمسی - ٢٠٠٥ز.

١٥- الحداد، حسون محمد علي، اقتصاديات الموارد الطبيعية، مطابع التعليم العالي، جامعة البصرة، ١٩٩٠.

١٦- حداد، هاشم یاسین حمدامین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عیراق، عیراق و جیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٧- حسن، طه شيخ، المياه والزراعة والسكان، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة، سورية، ط١، دمشق، ٢٠٠٣.

١٨- حسن، عمر كامل، نحو استراتيجية عربية للأمن المائي، دار ومؤسسة رسلان، دمشق، ٢٠٨٨.

١٩- حسين، فتحى على، المياه وأوراق اللعبةالسياسية في الشرق الأوسط، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٧.

٢٠- خضری، سعید، جغرافیای طبیعی کردستان موکریان- با تأکید بر حوضه زاب، چاپ دوم، انتشارات ناقوس، تهران، ١٣٨٧شمسی (٢٠٠٨م).

٢١- حمد، محمد حسن، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێ، چاوپێکەوتن لەبەرواری (٢٠١٧/٥/٩).

٢٢- دبي - قناة العربية، http://www.alarabiya.net/ar/last-page/2016/03/05، ناسا: أسوأ موجة جفاف بالشرق الأوسط منذ ألف عام السبت ٢٥ جمادي الأول ١٤٣٧هـ - ٥ مارس ٢٠١٦م.

٢٣- السعدي، عباس فاضل، منطقة الزاب الصغير في العراق- دراسة جغرافية لمشاريع الخزن والري وعلاقتها بالانتاج الزراعي، مطبعة اسعدن بغداد، ١٩٧٦.

٢٤- سەعید، کامەران تاهیر، جوگرافیای عیراق – سروشتی، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤.

٢٥- السماك، محمد أزهر سعيد، مرتكزات جغرافية الموارد الطبيعية بمنظور معاصر، دار ابن الأثير للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ٢٠١٢.

٢٦- السماك ، محمد أزهر سعيد، مناهج البحث الجغرافي بمنظور معاصر بين المنهج العام ومناهج التخصصات الفرعية، دار ابن الاثير للطباعة والنشر ، جامعة الموصل، ٢٠٠٨.

٢٧- الصحاف، مهدي، الموارد المائية في العراق وصيانتها من التلوث، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٦.

٢٨- طالب، جزا توفيق، المقومات الجيوبوليتيكية للامن القومي في اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.

٢٩- علاء اللامي، الثلاثاء ٢٧ أيلول ٢٠١٦، http://al-aalem.com/ سد - اليسو- التركي- كارثة –كبرى – سيشفط – نصف - دجلة، رابط اللقاء مع السيد حسن الجنابي الذي كان خبيرا ومندوبا للعراق لدى منظمة الفاو www.radiosawa.com/a/81839.html

٣٠- عمار ، عبدالرحمان، http://www.dw.com/ar/a-6654659


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

علوم وتكنولوجيا خبراء يتوقعون جفاف دجلة والفرات بعد ٤٠ عاما.

٣١- العيساوي، سلمان شمران ، أزمة مياه الرافدين بين أطماع الجوارالجغرافي والقانون الدولي، منشورات زين الحقوقية والادبية ش.م.م. الطبعة الاولى، لبنان، ٢٠١٦.

٣٢- كردوانى، پرويز، منابع و مسائل آب در ايران – جلد اول آبهاى سطحى و زيرزمينى و مسائل بهره‌بردارى از آنها، مؤسسهٔ انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٩٠هـ. خ - ٢٠١١ز.

٣٣- كردوانى، پرويز، خشكسالى و راه هاى مقابله با آن در ايران، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٨٦ شمسى – ٢٠٠٧ز.

٣٤- كرمى، ناصر ، استاد دانشگاه برگن نروژ، درياچه‌ى اورميه، رودخانه زاب و اخلاق. راپۆرتێك لەسایتی www.bbc.com/pesian لەبەرواری ٢٠١٤/٧/٢.

٣٥- كريمى، نقى ، یاردەدەری پارێزگاری ئازەربایجانی خۆرئاوایی بۆ كاروباری بیناسازی و ئاوەدانكردنەوە، لە راپۆرتێكی سایتی www.ainanews.com دا بەناوی سد(كانى سيب) درياچه اروميه را نجات مى دهد؟.

٣٦- كلير، مايكل ، الحروب على الموارد- الجغرافيا الجديدة للنزاعات العالمية، ترجمة: عدنان حسن، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٢.

٣٧- لبيب، علي، جغرافيةالسكان- الثابت و المتحول، الدار العربية للعلوم، بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠٠٤.

٣٨- نەقشبەندی، ئازاد، هەڵسەنگاندنی جیۆپۆلۆتیكی توخمە سروشتیەكانی جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عیراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی – ژمارە ٢٣، هەولێر، ٢٠٠٢.

٣٩- محمد، بختيار صابر، الاحتياجات المائية للاغراض الزراعية وقياس العوامل المؤثرة فيها في محافظة اربيل للمدة (١٩٨٥- ٢٠٠١)، رسالة ماجستير(غ.م)، كلية الإدارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدين- اربيل، ٢٠٠٢.

٤٠- محمد، خليل كريم ، المياه الجوفية في سهل شهرزور وامكانيات استثمارها (دراسة في الجغرافية الطبيعية)، رسالة ماجستير كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية (منشورة)، ٢٠٠٨.

٤١- محمد، خليل اسماعيل ، القضية الكردية في العراق وجود ام حدود؟ طبع على نفقة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٦.

٤٢- محمد، محمود كامل، ناسراو بە شێخ محمود، سەرۆكی بەشی كیمیاوی لە پرۆژەكانی (١ و ٢)ی ئاوی سلێمانی لە شارۆچكەی دووكان، پەیوەندی تەلەفۆنی لەبەرواری (٢٠١٧/٩/٢٨).

٤٣- نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین، گەرمبوونی گۆی زەوی و كاریگەریەتی لەسەر هەرێمی كوردستانی عیراق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.

٤٤- نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین، پرۆژەی گاپ (GAP)و كاریگەریەتی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەكەو كوردستان، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٣.

٤٥- هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و كۆگاكانی ئاو، نەخشەی هایدرۆلۆجی قەزای پشدەر، بەپێوەری(١:٢٥٠٠٠)

٤٦- ياسين السبعاوي، كركوك ناو 28 فبراير، ٢٠١٤ at 4:57 م، شحة المياه في نهر الزاب الأسفل تهدد الزراعة، http://kirkuknow.com/arabic/?p=28806#ixzz4fTxvzHWs .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤٧- Al-Manmi, Diary Ali Mohammad Ameen,(2008)Water Resources management in Rania area, SulaimNE-Iraq, Ph.D. Thesis, Unpublished, College of Science, University of Baghdad.

٤٨ - Karadi, Gabor M., and Huang, Jerry Y.C. ''Sewage Disposal.'' Microsoft@ Student 2009 [DVD]. Redmond, WA: Microsoft Corporation, 2008.

٤٩– www.ilna.ir کد خبر (کۆدی هەواڵەکە): ٤٠٤٦٤٤

٥٠- www.parsine.com کدی خبر(کۆدی هەواڵەکە: ١٦٧٢٨٠

٥١- almadapress.com/Ar/news/27866 لەبەرواری ١٩/٣/ ٢٠١٤ ئەو هەواڵەی بلاّوکردۆتەوە.

**http://almerja.com/reading.php?i=6&ida=1869&id=1845&idm=35865**

٥٢ - fa.wikipedia.org/wikiسد_سردشت/

٥٣ - http://www.sabainfo.ir/fa/news/29781 خبرگزاری مهر ١٧ تیر ١٣٨٨

١٧:٤٣

www.beatona.net



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پوختەی لێکۆڵینەوە

دیاردەی وشکەساڵی کە لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەتوندی سەری هەڵداوەو کاریگەری کردووەتە سەر دەرامەتی ئاوی چەندین هەرێم لەجیهاندا، لەنێویشیاندا هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی ئەوەوە ولاتی ئێران هەستاوە بەبنیاتنانی (٤)پڕۆژەی بچوك لەسەر زێی بچوك لەناوخاکی خۆیدا، سێ پڕۆژەیان بەنداون و بۆ گلدانەوەی ئاون بەناوەکانی (گرژاڵ، بریسۆ، کۆڵەسە)، چوارەمیش هەر بەنداوە بەناوی (کانی سێو) بەڵام بۆ مەبەستی گۆڕینی ڕێڕەوی بەشێك لە ئاوەکەیەتی بۆ دەریاچەی ئورمیە، بە بیانووی ڕزگارکردنی دەریاچەی ئورمیە لە وشکبون، بەو چوار پڕۆژەیەی ولاتی ئێران بڕی(٣.٥٠٥)ملیار مەتر سێجا لەئاوی زێی بچوك گلدەداتەوە، ئەوەش هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لەسەر دەرامەتی ئاوی زێی بچوك لەناو هەرێمی کوردستاندا، هەڕەشەیە لەسەر ئاوی خواردنەوەی سەدان هەزار خێزان، هەڕەشە لەسەر کشتوکاڵی نزیکەی (٢)ملیۆن دۆنم زەوی، هەڕەشەیە لەسەر گۆڕینی سیستەمی ژینگەیی ناوچەکە.....هتد. دەسەڵاتدارانی هەرێم و عیراق دەبێت ڕووبەڕوی ئەو کارەی ئێران ببنەوە لەڕێگای دبلۆماسی  و یاسا نێودەوڵەتیەکان، هەروەها لەناوخۆش لەڕێگای دروستکردنی چەند بەنداوێکی بچوك، دوبارە پاککردنەوەی ئاوی پیس بووی شارەکان، بەکارهێنانی بەشێوەیەکی زانستیانەو ئابوریانە.....هتد. بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان هەردوو ڕوباری دیجلەو فوڕات و لقەکانیان بە ڕوباری نێودەوڵەتی دادەنرێن و ئێران و تورکیا مافی ئەوەیان نییە پڕۆژەی وا لەسەر ئەو ڕوبارانە دروست بکەن کە زیانی زۆر بەدەرامەتی ئاوی هەرێم و عیراق بگەیەنن، بەڵکو دەبێت ئاوەکە بەژیرانەو ویژدانانە دابەش بکرێت بەپێی ڕێنمایی یاسای نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتوەکان.



## الخلاصة

خيمت ظاهرة الجفاف منذ تسعينيات من القرن الماضي على كثير من المناطق في العالم بصورة شديدة وأثرت على الموارد المائية للعديد من الاقاليم في العالم، من بينها اقليم شرق الاوسط، جراء ذلك قامت ايران ببناء اربعة مشاريع مائية على نهر الزاب الصغير، ثلاث منها سدود لتخزين المياه باسماء (گرژال، بريسو ، كولەسە) والمشروع الرابع ايضا هو سد باسم (سد كاني سيو) ولكن لتحويل جزء من مياه نهر الزاب الصغير (٧٠٠)مليون متر مكعب/السنة عبر نفق الى بحيرة اورمية بحجة تعرض البحيرة الى التجفيف و تخليصها منه ، بمساعدة المشاريع الاربعة هذه، بامكان ايران حجز (٣.٥٠٥) مليار متر مكعب من مياه الزاب الصغير، ويعتبر هذا تهديدا كبيرا على الموارد المائية لهذا النهر داخل اراضي اقليم كوردستان، كمياه الشرب لمئات الالاف من العوائل، كما وتفقد اكثر من مليوني دونم من الاراضي الزراعية صلاحيتها الزراعية، لاسيما الزراعة الصيفية، وقد يضر بالنظام البيئي للمنطقة.......الخ. فعلى سلطات اقليم كوردستان و العراق ان تقف بوجه هذا العمل الايراني عبر الوسائط الدبلوماسية واللجوء الى القانون الدولي، وعن طريق بناء مجموعة من السدود الصغيرة في الداخل، ومعالجة مياه الصرف الصحي، وتوعية السكان حول كيفية التعامل مع المياه المتوفرة وعدم تبذيرها. من الناحية القانونية



e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

الدولية يعتبر نهري دجلة والفرات وفروعهما من الانهار الدولية، لذا لايحق لايران او تركيا ان تبنيان السدود عليها او تغيير مجراها لصالحهما وتضران بمياه الاقليم والعراق، بل يجب تقاسم مياه هذه الانهار بصورة معقولة ومنصفة وفقة القواعد الدولية والامم المتحدة.


## Summary

Since the end of past century drought phenomenon has spread severely over many of regions in the world, included Middle East Region. By reason of this, Iran Government has constructed four water projects on the Lower Zab Riverbed, three of them are dams tor store water, their names are;(Grzhal, Brisoo, Kollasa) , the fourth also is dam its name is(Kany-Sew) but for changing the canal of the river and transporting a part of its water to Urmia Lake, on the pretext of rescue the lake from drainage. These four projects can keep (3.505$m^3$) of the river's water, therefore, become a serious danger on the water resource inside Kurdistan Region and Iraq, will threaten drinking water of hundred thousands of families. About (500) hectares will lose their ability to plant agriculture especially in the Summer, will change the environment of the area….etc. The Iraq and Kurdistan Region authorities must face this action of Iran outside and inside, outside through diplomatic dialogues and resorting to international laws, and inside through construction of small dams, recycling sewage water and using water scientifically and economically….etc. According to the international laws the Tigress and the Euphrates and their branches consider as international rivers, therefore; Iran and Turkey don't have right to construct dams on those rivers and do harm to water resource of Iraq and Kurdistan Region, even must divide the water of these rivers between these countries reasonably and fairly.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)